زەمینە و لێکەوتەکانی زبڵگەڕی:

توێژینەوەیەک سەبارەت بە زبڵگەڕیی منداڵان لە شاری تاران و دەوروبەری

کامیل ئەحمەدی[1]

پوختە

منداڵان لە شاری تاران بە شێوازی جۆراوجۆر خەریکی هەندێ کاری وەکوو زبڵگەڕی وەک یەکێک لە خراپترین جۆرەکانی کاری منداڵانن. زبڵگەڕی منداڵان لە شاری تاران باوە کە لەم کارەدا زیانێکی زۆر ئاوقانی منداڵان دەکا و دژی زۆرێک لە یاسا و ڕێسا پەسەندکراوەکانی ناوخۆ و شارە. ئامانج لەم توێژینەوە،[2] توێژینەوەی بەستێنی و لێکەوتەکانی زبڵگەڕیی منداڵان لە شاری تاران و خستنە ڕووی تیورییەک سەبارەت بەم بەستێنەیە. بەم پێیە شێوازی تیوری زەمینەیی بە کار هێنرا و بۆ کۆکردنەوەی داتاکان تەکنیکی دیمانە و بینین بە پێی شێوازی نموونەگیری ئامانجدار و تیوری بە کار هێنراوە. هەروەها بە مەبەستی دڕووستکردنی تیوری چاوێکمان بە بەڵگە و سەرچاوەکانی ئەم بوارەشدا خشاند. کۆمەڵگەی بەرتوێژینەوە منداڵانی زبڵگەڕ و دیکەی زبڵگەڕەکانن. بە مەبەستی شیکاریی ئەنجامەکان شێوازی کۆدینگی سێقۆناغی لە سەر بنەمای سەرچەشنی شتراوس و کەربین بە کار هێنرا. ئەنجامەکان پیشان دەدا سێ بەستێنی ئابووری وەکوو هەژاری و ئابووری زبڵ؛ کۆمەڵایەتی – فەرهەنگی و کەلتووری لە چوارچێوەی بەستێنی بنەماڵەیی و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و بەستێنی سیاسەتی وەکوو یاسا و شێوازەکانی بەڕێوبردنی زبڵ بۆتە هۆی زبڵگەڕبوونی منداڵان. زبڵگەڕەکان لە چوارچێوەی تۆڕی کۆمەڵایەتی وەکوو تۆڕی خێزانی کار دەکەن. پەیوەندی کارییان چەوسانەوەییە و هەڵومەرجی کار و ژیانی ئەم منداڵانە زەمینەی خەسارەتهەڵگربوونیان خۆش دەکا و لە بەکۆمەڵایەتیبوونیان کێشە ساز دەکات. نەهێشتنی زبڵگەڕی منداڵان لە تاران پێویستی بە کۆمەڵێ دەستێوەردانی سیاسی لە وڵاتی ئەفغانستان و بەڕێوەبردنی کۆکردنەوەی زبڵ لە شاری تارانە کە بۆ ئەم مەبەستە هەندێ پێشنیار خراوەتە ڕوو.

وشە کلیلییەکان: خراپترین جۆری کاری منداڵان، زبڵگەڕی، منداڵ، تیوری زەمینەیی

---

[1] ـ توێژەر و مرۆڤناس، پسپۆڕی شێوازەکانی توێژینەوە و خاوەن بڕوانامەی ماستەری خەڵکناسیی کۆمەڵایەتی، زانکۆی کێنت – ئینگلتەرا؛ kameel.ahmady@gmail.com http://kameelahmady.com

[2] ـ ئەحمەدی، کامیل. (1400 هەتاوی). ئاسەواری چەوساندنەوە لە جیهانی منداڵی. توێژینەوەیەکی گشتگیر سەبارەت بە جۆر، هۆکار و لێکەوتەکانی کاری منداڵان، دانیمارک: آوای بوف

بەرایییەکان

ئەوڕۆکە لە سەر ئاستی شاری تاران جۆرە جیاجیاکانی کاری منداڵان کە یەکیان زبڵگەڕی منداڵانە بەدی دەکەین. زبڵگەڕی وەک یەکێک لە خراپترین جۆرەکانی کاری منداڵان ماوەی چەند دەیەیە لە شاری تاراندا سەری هەڵداوە و تا دێ ڕەهەندەکانی بەربڵاوتر دەبێتەوە بە جۆرێک کە بۆتە پرسێکی کۆمەڵایەتی و پێشێلکردنی مافەکانی منداڵان. بە پێچەوانەی یاسا پەسندکراوەکانی ناوخۆی ئێران و ڕێساکانی بەڕێوبردنی زبڵ، بەشێک لە کەسانی سەرقاڵی ئەم دیاردە منداڵانن. تەمەنی شیاو بۆ هەر پیشە و کارێک بە پێی ئاسەوار و کاریگەری ئەو کارە لە سەر تەندروستی و گەشەی تاک دیاری دەبێت. بە پێی ڕێسا نێودەوڵەتییەکان و بە گوێرەی گرێبەستی ژمارە 138ـی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کار، بۆ پیشە جیاوازەکان لانیکەمی تەمەن دیاری کراوە. یوونیسێف کاری منداڵی وەک "کارێک کە لە لانیکەمی کاتژمێری دیاریکراو زیاترە، بە پێی تەمەنی منداڵ و جۆری کار" پێناسە دەکات. ئەم چەشنە کارانە بە زیانبەخش سەیر دەکرێن و پێویستە هەوڵ بۆ نەمانیان بدرێت. (یوونیسێف، 2007). لە زۆربەی ناوچەکانی جیهاندا کاری منداڵ وەک پێشێلکەری مافەکانی منداڵ سەیر دەکرێت (ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، 1990). منداڵانی کار لە لایەن خاوەنکار و ئەندامانی بنەماڵەوە هەمیشە لە بەر دەم چەوساندنەوە، کەڵکاوەژۆیی و تووندوتیژیدان (جها[1]، 2009).

بەو پێیەی کە منداڵان وەک چینی خەسارەتهەڵگری کۆمەڵگا دێنە هەژمار، کاریگەرییە نەرێنییەکانی زبڵگەڕی لە سەر ئەم چینە تۆختر بۆتەوە. ئەم کاریگەرییانە بە شێوەی کۆمەڵێکی پێکەوە گرێدراو کاریگەری لە سەر هەموو بوارەکانی ژیانی منداڵ دادەنێ، بە جۆرێک کە لە خوێندن دەیانگێڕێتەوە و دەرفەتی بوونی پیشەیەکی باش لە داهاتوویان لێ زەوت دەکا و دەتوانێ هەڕەشە لە تەندروستی جەستەیی، دەروونی، کۆمەڵایەتی و مەعنەوییان بکات. ئەمە لە حاڵێکدایە کە بە هۆکاری جیاوازی ژیانی و کۆمەڵایەتی و یاسایی، کارکردنی منداڵان وەک فاکتەرێکی زیانبەخش ڕچاو دەکرێ و بە قەدەغەکراو لە قەڵەم دەدرێ، بەڵام سەرەڕای قبوولکردنی ئەم ڕێسا حاشاهەڵنەگرە، هێشتا لە شارە جیاجیاکانی ئێراندا بوونی منداڵان لە سەر شەقام و ناوەندە جیاجیاکان و هەروەها منداڵانی زبڵگەڕ بەدی دەکەین. بەشی سەرەکی ئەم کەسانە ئەو کۆچبەرانەن کە بە شێوەی نایاسایی لە پرۆسەی مێژوویی ئاڵوز و ڕاکردن لە جەنگ و بشێوی و نەبوونی هەلە ئابووریییەکانی وڵاتی خۆیان هاتوونەتە وڵاتی ئێران و کار دەکەن. دیاردەی زبڵگەڕی منداڵان لە شاری تاران لە چاو شارەکانی دیکە بەرچاوترە و ئەمە لە حاڵێکدایە کە زبڵگەڕی "منداڵان لە تافی منداڵی، توانا و شان و شکۆ بێبەش دەکا و بۆ گەشەی جەستەیی و دەروونییان زیانبەخشە" (پۆرتاڵی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کار، کۆنفیدراسیۆنی یەکێتی کرێکارانی نێودەوڵەتی، 2008، ل 1).

هەروەها بەو پێیەی کە دەوڵەتی ئێران گرێبەستی جیهانی مافەکانی منداڵی واژۆ کردووە و پابەندییەکانی منداڵانی کار و سەرشەقامی قبوولْ کردووە، سەرباری ئەمە لەگەڵ تێپەڕینی چەندین ساڵ، ئەم چینە بە فەرمی نەناسراون و دیاردەی منداڵانی کار و زبڵگەڕ لە حاڵەتێکدا باوە کە بە پێی زۆرێک لە کۆنوانسیۆنە جیهانییەکان، کە وڵاتی ئێرانیش بە هەندێکیان پابەندە قەدەغە کراوە. ئەم بەڵێننامە جۆرە جیاوازەکانی کاری منداڵان و هەروەها خراپترین جۆرەکانی کاریشی قەدەغە کردووە. مادەی 79 یاسای کار لە ئێرانیش کارکردن بە کەسانی ژێر تەمەنی 15 ساڵی قەدەغە کردووە. بە گوێرەی یاسای کار ئەگەر خاوەنکارێک منداڵی خوار تەمەن 15 ساڵان دابمەزرێنێ، تاوانباڕە و سزا دەدرێت. لە لایەکی دیکەشەوە، یاسادانەر لە مادەی 84 یاسای کاری پێشبینی کردووە کە ئەو پیشە و کارانەی کە تایبەتمەندییەکەیان بۆ تەندروستی و یان

[1] - Jha

ئەخلاقی فێرخوازان و مێرمنداڵان زیان‌بەخشە، لانیکەمی تەمەنی کار هەژدە ساڵانی تەواوە کە لێکدانەوەی ئەم بابەتە لە ئەستۆی وەزارەتی کار و خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتییە.

سەرەڕای قەدەغەکرانی کاری منداڵان هێشتا لە ئێران و بەتایبەت لە شاری تاران زۆرێک لە منداڵان لە کەرتی زبڵگەڕیدا ئیش دەکەن. سووڕی دارایی بەرچاوی ئەم بازارە، تارمایی بوونی پەیمانکارانی مافیایی زەق دەکاتەوە، بە جۆرێک کە بە بەکارهێنانی منداڵان زەمینەی چەوساندنەوەیان خۆش دەکەن. بە پێی بەڵگە بەردەستەکان سەبارەت بەوەی کە دیاردەی منداڵانی زبڵگەڕ لە سەر ئاستی شاری تاران باوە، ئەم توێژینەوە بە نیازە بە پێداگریکردن لە سەر هۆکار و لێکەوتەکانی زبڵگەڕی منداڵانی ئەم بابەتە بناسێ و خوازیاری ئەوەیە وڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە: پەیوەندی زبڵگەڕی لە سەر ئاستی شاری تاران چۆنە؟ بەستێنەکانی بیچمگرتنی دیاردەی زبڵگەڕی منداڵان لە شاری تاران چییە؟ و زبڵگەڕی چی لێکەوتەیەکی بۆ منداڵان هەیە؟

پێشینەی توێژینەوە

لەو کاتەوە کە مرۆڤ بۆی دەرکەوتووە کە دەتوانێ دیسان ماده و سەرچاوە فرێدراوەکان بە کار بێنێتەوە، ئەم سەرچاوانە بە لای مرۆڤەوە گرینگ و پربایەخ بوون. لەگەڵ دەسپێکردنی سەردەمی نوێ و بەرهەم-هێنان و بەکارهێنانی کەلوپەلی شیاوی مانەوە، ماده شیاوی بەکارهێنانەوەکان گرینگتر بوون. هەر لەم ئاراستەدا لەگەڵ نیشتەجێبوونی مرۆڤ لە شار، کۆکردنەوەی زبڵی شاری بوو بە یەکێک لە پرسە گرینگە شارییەکان و بەڕێوەبردنی شار (اسکات[1]، 2012). هەڵکشانی ڕێژەی حەشیمەت، بەرهەمهێنان و بەکارهێنان پشکێکی گرینگی لە زۆربوونی قەبارەی زبڵ هەیە و بەڕێوەبردنی زبڵ بۆتە توخمێکی دیاریکراو بۆ ژیانگری شاری. وڵاتانی ڕوو لە پێشکەوتنیش بەرهەمهێنەری بەشێکی زۆری زبڵن کە بە سەرچاوەی ناتەواو و دەفرایەتی تەکنیکی کەم بەڕێوەی دەبەن (ویلسون و دیتران[2]، 2012). هەر بۆیە لە زۆربەی وڵاتانی ڕوو لە پێشکەوتن، بەکارهێنانەوەی زبڵ لە لایەن کەرتی نافەرمی ئەنجام دەدرێت. بەراورد کراوە کە نزیکەی 15 ملیۆن کەس لە کەرتی نافەرمی بەڕێوەبردنی زبڵ واتە جیا لە بەڕێوەبردنی فەرمی زبڵ، ماده شیاوی بەکارهێنانەوەکان لە زبڵ ئاوێتەکان جیا دەکەنەوە (مدینا[3]، 2007). هەروەها بە پێی هەڵسەنگاندنەکان، لە وڵاتی ئێرانیشدا ڕۆژانە نزیکەی 50 هەزار تون زبڵ بەرهەم دێ کە پشکی شارێکی وەکوو تاران لە بەرهەمهێنانی زبڵ، نزیکەی 7 هەزار و 500 تون لە ڕۆژە (فیلسوفی، 1390؛ نوذرپور، 1396). بڕی ئەو زێدەباییەی کە زبڵی وشک لەم شارەدا بەرهەمی دێنێ نزیکەی دوو ملیارد و 240 ملیۆن بەراورد کراوە (افراخته و حجتی‌پور، 1396). هەژاری یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی ئەنجامدانی کاری زبڵگەڕییە، هەڵبەت هەر هەموو هەژاران لەم کەرتەدا ئیش ناکەن، بەڵکوو زیاتر گرووپە تارێنراوەکان، مافخوراوان و گرووپە بەرزیانکەوتوو و خەسارەتهەڵگرەکانی وەکوو کۆچبەران، ژنان، منداڵان، کەمئەندامان، بێکاران، پیر و بەساڵاچووان و لانەوزان لەم کەرتەدا کار دەکەن (دیاس[4]، 2012؛ ویلسون و دیتران، 2012). زبڵگەڕی یەکێک لە جۆرەکانی کاری منداڵانە و زاراوەی کاری منداڵان "زۆر جار بەو کارانە دەوترێ کە منداڵان لە تافی منداڵی، پەستان و شان و شکۆ بێبەش دەکا و بۆ گەشەی جەستە-یی و دەروونییان زیان‌بەخشە" و ئاماژە بەو کارانە دەکا کە ئەم تایبەتمەندییانەیان لە خۆ گرتووە: ئـ) ئەو منداڵانە لە هەلی چوونە قوتابخانە بێبەش دەکا، بەر لە کۆتایی‌هاتنی خوێندن ناچار بە وازهێنان لە خوێندنیان دەکات. یان ناچاریان دەکا بەشداری لە هۆڵەکانی خوێندن تێکەڵ بە کاری لە ڕادەبەدەر دوور و درێژ و

1 - Scott
2. Wilson and et al
3. Medina
4. Dias

قورس بکەن (ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کار؛ 2017). زبڵگەڕییش بریتییە لە: "کۆکردنەوە و جیاکردنەوەی دەستی مادەی شیاوی بەکارهێنانەوەکان و یان مادەی شیاوی بەکارهێنانی دووبارە لە زبڵە ئاوێتەکانی ناو ناوەندەکانی فڕێدانی زبڵ یان شوێنەکانی کۆکردنەوەی زبڵ، لە زبڵدانی ماڵ و زبڵدانی سەر شەقامەکان، ناوەندەکانی گواستنەوە و هەروەها کامیۆنەکانی کۆکردنەوەی زبڵ (ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کار، 2004). لە حاڵێکدا کە جۆرە جیاوازەکانی کاری منداڵان بوونی هەیە، یەکەمایەتی لە نەهێشتنی دەستبەجێی جۆرەکانی کاری منداڵانە کە بە پێی مادەی 3 کۆنوانسیۆنی ژمارە 182 ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کار لە ژێر ناوی "خراپترین جۆری کاری منداڵان"[1] ناسراون. یەکێک لە جۆرەکانی کاری منداڵان ئەو کارانەیە (وەکوو زبڵگەڕی) کە بە پێی شوناس یان بارودۆخیان بۆ تەندروستی و ئاسایش و پەرەنسیپە ئەخلاقییەکانی منداڵان زیانبەخشن (دیالو و هاوکاران[2]، 2013).

وەک وترا هەژاری لە ئاستە جیاجیاکاندا یەکێک لە هۆکارەکانی زبڵگەڕی منداڵانە؛ چونکە منداڵان بۆ دابینکردنی بژێوی ژیانی بنەماڵەکانیان پێویستیان بە کار و زبڵگەڕی وەک ڕێکارێک بۆ مانەوەی ئەوان و بنەماڵەکانیان دێتە هەژمار. بنەماڵەکانیشیان بە نیازی دابینکردنی خواست و پێداویستییەکانیان منداڵەکانیان دەنێرنە ناو بازاڕی کار. هانت و هاوکاران بە لێکۆڵینەوە لە سەر منداڵانی زبڵگەڕ پیشانیان داوە ئەم منداڵانە لە بنەماڵەی هەژارەوە دێن؛ بۆ وێنە هەندێکیان کێشەی بەدخۆراکییان هەیە و سەبارەت بە هەندێ کێشەی وەکوو کێشەی تەندروستی زانیاری بڵاو بۆتەوە، ناچنە قوتابخانە و ئەگەر بچن ئەگەری ئەوە هەیە کە دەریان بکەن. لە هەندێ حاڵەتدا دایک و باوکەکانیان مردوون یان ماڵ و منداڵیان بە جێهێشتووە یان بێکارن و ڕوو دەکەنە زبڵگەڕی. بەو پێیەی کە ئەم منداڵانە لە خراپترین بارودۆخدا ژیان دەکەن، زبڵگەڕی وەک ڕێکارێک بۆ مانەوەیان سەیر دەکرێت (الجارادین و دیتران[3]، 2015؛ هانت[4]، 1996). لە پەیوەندی لەگەڵ هەژاری و کاری منداڵ باسۆ و وەن بۆچوونیان وایە کە ئەگەر مووچە یان داهاتی بنەماڵەکان کەم بێ، ئەوا منداڵەکانیان ناچار بە کارکردن دەکەن، چونکە داهاتی منداڵ دەتوانێ بڕێ داهاتی بنەماڵە زیاد بکا، بە جۆرێک کە بنەماڵەکان بتوانن پێداویستییەکانیان دابین بکەن (امرسون[5]، 2009).

لە وڵاتی ئێراندا منداڵانی کۆچبەری ئەفغانی بەشێکی زۆری ڕێژەی منداڵانی کار پێک دێنن (ایمانی و نرسیسانس، 1390 هەتاوی؛ حسینی، 1383 هەتاوی؛ ئەحمەدی، 1400 هەتاوی). بەشێکی زۆری منداڵانی کۆچبەر بە هۆی کۆچی نایاسایی و بێبەشبوون لە مافە هاوڵاتییەکان زیاتر ڕوو دەکەنە کاری مەترسیداری وەکوو زبڵگەڕی (زند رضوی و رحیمی پورانارکی، 1390 هەتاوی). وامقی و هاوکاران پیشانیان داوە تایبەتمەندی ئێتنیکی لەگەڵ جۆری کاری منداڵان هاوپەیوەستە، بە جۆرێک کە ئەنجامدانی کاری نائاسایی (زبڵگەڕی و سوالکەری) لە ناو ئەفغانییەکاندا زیاتر بەرەوی هەیە. ئەگەری ئەوە هەیە کە هۆکاری کەمی منداڵانی ئێرانی بۆ کاری نیوەباو دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەم کارانە لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە کەمپەسەندکراون و تەنانەت لە ناو منداڵانی ئەفغانستانیشدا، زبڵگەڕی لە پیشە ئاست نزمەکانە. لەم نێوەندەدا، بە پێی ئەنجامە وەدەستهاتووەکان منداڵانی زبڵگەڕی سەر ئاشی مەلارد لە هەر دوو تاقی ڕۆژ و شەو ئیشیان دەکرد، بەڵام بە هۆی زبڵگەڕی و شەرمەزاری لە ئەنجامدانی ئەم چەشنە کارە، منداڵانی بچووکتر، کە ئەگەری گرتن و تێپەڕینی سەر سنووریان کەمترە، ڕۆژانە و منداڵە گەورەترەکان لە نیوەشەوەوە بە مەبەستی زبڵگەڕی دەچنە سەر شەقام (وامقی و دیتران، 1394).

1. The worst form of child labor
2. Diallo et al
3 . Aljaradin
4 . Hunt
5 . Emerson

زبڵگەڕەکان زبڵەکان لە بینا گشتی و تایبەتەکان، سەرشەقام، شوێنی فڕێدانی زبڵ و شوێنەکانی دیکە کۆ دەکەنەوە. ئەوان هەندێ شتی وەکوو کاغەز، کارتۆن، ئاڵمینیۆم، شووشە، پارچە زبڵە ئەلیکترۆنییەکان، جۆرەکانی پلاستیک، ئاسن و نان کۆ دەکەنەوە. ئەوان لە نەبوونی هەلە فەرمییەکانی کار وەک سەرچاوەی داهات و بژێوی لە کەرتی نافەرمی بەڕێوبەری زبڵ دەڕوانن؛ کەواتە زبڵگەڕی پیشە و کاسپی هەژارە شارییەکانە (ثیمی[1]، 2013). چالاکییەکانیان زیاتر بریتییە لە کاری چەتوون، ڕاهێنانی کەم و مووچەی کەم کە زیاتر بە شێوەی سەربەخۆ یان لە یەکەی خێزانیدا ئیش دەکەن (دیاس، 2012؛ ویلسون و دیتران، 2012). لە ڕاستیدا زبڵگەڕەکان وەکوو قوربانیانی بەجیهانیبوون، پرۆسەی مۆدێرنیزاسیۆن و نیۆلیبرالیزم بەدی دەکرێن. لە لایەکی دیکەوە، هەندێ لە گرووپە کۆمەڵایەتییەکان، بەتایبەت بەرپرسانی خۆجێیی و کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەتی بەڕێوبردنی زبڵ، زبڵگەڕەکان وەک تاوانبار سەیر دەکەن، چونکە پێیان وایە ئەم کەسانە زبڵە شارییەکان، کە هی هەموویانە، دەدزن. هەروەها بە باوەڕی زۆربەی بەڕێوبەرانی نیشتمانی و خۆجێیی، زبڵگەڕی لەگەڵ وێنای شارەکانی سەردەمی مۆدێرن یەک ناگرێتەوە (پتواری و دیتران[2]، 2011).

ڕێژەیەکی زۆری تۆڕێنەوەکان باس لە بارودۆخی چەوسێنەرانە لەم کەرتەدا دەکەن. زبڵگەڕەکان (بۆ وێنە منداڵان) بە گرێبەستی کاری چەوسێنەرانە ئیش دەکەن. ئەوان زیاتر لە کەرتی نافەرمیدا ئیش دەکەن، کەرتێک کە لە یاسای ڕێکخەری کار و داکۆکی بێبەرییە. بناغەی بەردەوامی کەرتی نافەرمی بە هۆی داهاتی زۆر کەم، نەبوونی ئاسایش و شوێنی کاری نالەبارە (ڕگرسون[3]، 2008). بەڵگەکان پیشان دەدا کە بە هەزاران منداڵ بە شێوەی نافەرمی لە بنکەی فڕێدانی زبڵ کار دەکەن، لە نزیک شوێنی فڕێدانی زبڵ یان هەر لەو شوێنەدا لە بارودۆخێکی زۆر هەژارانە نیشتەجێ دەکرێن و بە لانیکەمی ژێرخانی بنەڕەتی بۆ دابینکردنی ئاوی خواردنەوە، بارودۆخی تەندروستی، و شوێنی پارێزراو ژیان دەکەن. (کوادرا[4]، 2005). بە باوەڕی باتوول و دیتران[5] (2015) زبڵگەڕی کارێکی پەست و پیسە کە چەوسێنەرانە و نامرۆڤانەیە، بە جۆرێک کە ئەو چینانەی کە خەریکی ئەم کارەن یەکێک لە خەسارەتهەڵگرترین چینەکانی بازاڕی کاری نافەرمین کە پشتگوێ خراون. مالیک و دیتران[6] (2018) بە خوێندنەوەی فامی ئەزموونی ژیاوی پەنابەرانی ئەفغانستانی زبڵگەڕ لە پەیوەندی لەگەڵ بەرپرسانی دەوڵەتی لە پاکستانیان پیشان داوە ئەوان گرووپگەلێکی زۆر خەسارەتهەڵگری ناو کۆمەڵگان. ئەوان پیشان دەدەن پەنابەرانی زبڵگەڕ لە بەردەم هەڵاواردن، ئازار و ئەزیەت، باجگیری و قۆڵبەستکران لە لایەن پۆلیسن. لێپێچینەوە و داوای بەرتیلکردن لەم پەنابەرە زبڵگەڕانە یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ژیانی ئەم کەسانەیە. ئیساری و شوجاعی زەند پیشانیان داوە فاکتەرە پەیوەندیدارەکانی زبڵگەڕی لە تاران بریتییە لە کۆمەڵە فاکتەری پەیوەندیدار بە وڵاتی ئەفغانستان و شاری هەرات وەکوو هەژاری و فاکتەرە فەرهەنگی و خێزانییەکان و ئێران وەکوو یاساگەلی جیاکارانە و فاکتەری پەیوەست بە دەسەڵاتداری شاری و شێوازی بەڕێوبردنی زبڵەکان. ئەوان چوار سەرچەشنی ئابووری نافەرمییان دەستنیشان کردووە کە بریتییە لە دەرەوەئەسپاردنی دووبارە، بەشداری ڕێژەیی، خاوەنکاری زۆرینەیی و هاوبەشینەکردن لەگەڵ پەیمانکار لە کاری زبڵگەڕی بە جۆرێک کە لە سەرچەشنی خاوەنکاری زۆرینەییدا زبڵگەڕەکان کەمترین سەربەخۆییان هەیە و پەیمانکارەکان زیاترین دەسەڵاتیان هەیە. (ایثاری و شجاعی زند، 1399).
زیانەکانی پەیوەندیدار بە زبڵگەڕی منداڵان بە پرسە تەندروستییەکانیشەوە لە زبڵگەڕیدا زۆر باوە. زبڵگەڕەکان تووشی هەموو جۆرە نەخۆشییەک دەبنەوە کە تەشەنەسەندنیان بە هۆی کوالێتیی نزمی کار و

1. Thieme
2. Patwary et al
3. Rogerson
4. Cuadra
5. Batool
6. Malik et al

ژیانیان بوو؛ بۆ وێنە لەشی ئەم کەسانە بەرکەوتنی لەگەڵ مادە پیسەکان دەبێ، دەستە پیسەکانیان دەخەنە ناو دەمیان یان هەندێ جار هەندێ خۆراک لە ناو زبڵدانەکان دەدۆزنەوە و دەیخۆن. منداڵانی زبڵگەڕ لە شوێنی کۆکردنەوەی زبڵ ڕووبەڕووی هەندێ مەترسی وەکوو کەوتنە بەر پیسییە ژینگەییەکان و مادەی کیمیایی، ڕوورداو و زۆرێک لە پرسەکانی پەیوەندیدار بە مانەوەی مرۆیی و لەبەر دەم مەترسی کانزا ژاراوییەکانی وەکوو ژووڤە و کادمیۆمن. بریندار بوون لە کاتی کارکردندا یەکێکی دیکە لە لێکەوتەکانی کاری زبڵگەڕییە کە دەبێتە هۆی ئەوەی منداڵان بە شێوەی کاتی یان بۆ هەمیشە واز لە کار بێنن (کوادرا، 2005). منداڵانی زبڵگەڕ ئامرازگەلی وەکوو دەستەوانە و جلوبەرگ بە کار ناهێنن، شوێنی کارەکەیان گەرمە و بە هۆی زیانی مەترسیداری زۆری وەکوو بریندار بوون، هەڕەشە لە تەندروستییان دەکرێ، بە جۆرێک کە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکان پیشان دەدا 62.8 لە سەدی ئەم منداڵانە لە بەرکەوتن لەگەڵ شتە تیژ و بڕێنەرەکان بریندار بوون. ئەم منداڵە پەراوێزخراوانە ناتوانن تێچووی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکانیان دابین بکەن و بۆ چارەسەری برین و نەخۆشییەکانی خۆیان سەردانی بنکە تەندروستییەکان ناکەن و ڕوو دەکەنە خۆچارەسەری (باتول و دیتران، 2015). زبڵگەڕی نە تەنیا منداڵان تووشی مەترسی و ڕووداوی جەستەیی دەکا، بەڵکوو ئاسەواری درێژخایەنی وەکوو خەسارەتی کۆمەڵایەتی، زەینی، سۆزداریشی هەیە کە بە هۆی بارودۆخی مەترسیداری کارە (پۆرتاڵی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کار، 2017).

13. شێوازناسی توێژینەوە

ئەم توێژینەوە بە ئاراستەی شێوازناسی چۆنایەتی و بە کەڵکوەرگرتن لە شێوازی تیوری بەستێنی لە سەر ئاستی شاری تاران ئەنجام دراوە. شێوازی تیوری بەستێنی کە هەڵقوڵاوی داتاکانە شێوازێکی گونجاو بۆ بەرهەمهێنانی تیوری زبڵگەڕی منداڵان لە شاری تارانە. بۆ ناسینی ئەم دیاردە، زانیاری و داتاکان بە کەڵکوەرگرتن لە تەکنیکی دیمانەی نیوەپێکهاتوو کۆ کراونەتەوە. سەرتاسەری گەڕەکی ناو 22یانەی شاری تاران لێکۆڵینەوەیان لە سەر کرا و بە شێوەی نموونەگیری ئامانجدار و هەندێجار لەبەردەست لە هەر گەڕەکێکدا دیمانە لەگەڵ هەندێ لە زبڵگەڕەکاندا کرا. نموونەگیری لە گەڕەکەکان و دیمانە لەگەڵ زبڵگەڕەکان لە لایەن گرووپی دیمانەوە ئەنجام درا. ماوەی هەر دیمانەیەک لە نێوان 15 بۆ 45 خولەک بگۆڕ بوو و بۆ ماوەی سێ مانگ، 22 گەڕەکی شاری تاران بەم شێوە – کە نیوەی گەڕەکەکان بە شێوەی قوڵ و نیوەقوڵ و نیوەکەی دیکەی بە شێوەی سکەنکراو – تاوتوێ کران. هەروەها بۆ ناسینی شێوازی ژیانی ئەم تاکانە، گەڕەک و شوێنی نیشتەجێکردنی زبڵگەڕەکان لە گەڕەکەکانی تاران (بنکەکانی ڕیسایکڵین) و گەڕەکە پەراوێزەکانی شاری تاران (قوولەکەکان) سەردانیان کرا و ئەو کەسانەی کە لەوێ بوون دیمانەمان لەگەڵ کردن. سەرەڕای ئەوەی کۆمەڵگەی ئامانج منداڵانی زبڵگەڕ بوون، بەڵام بۆ دەس-خستنی زانیاری زیاتر و ناسینی باشتری پەیوەندی زبڵگەڕی، لە هەر گەڕەکێکدا دیمانە لەگەڵ هەندێ کەسی گەورەسااڵیشدا گیرا. ڕێژەی گشتی دیمانەکان 302 دیمانەیە کە پتر لە 50 لە سەدیان، دیمانە لەگەڵ منداڵانە. هەروەها هۆکاری فرەیی ئەم دیمانانە ئەوە بوو کە پیشەی زبڵگەڕی لە هەر گەڕەکێکدا لەوانە بوو بە پێی بارودۆخی ئەو گەڕەکە بووایە؛ کەواتە لە کاتی توێژینەوەدا ئاماژە بە هەندێ حاڵەت و خاڵی نوێ کرا کە پێویستی بە دیمانە و پرسیار لە زبڵگەڕەکانی هەموو گەڕەکەکان و ڕێژەی زیاتری تاکەکانی هەر گەڕەکێک بوو. بۆ تەواوکردنی زانیاری و دەوڵەمەندکردنی زیاتری توێژینەوە، کورتەدیمانەشمان لەگەڵ ئەو کەسانە کرد کە بە شێوەی ڕاستەوخۆ لەگەڵ زبڵگەڕەکان لە پەیوەندیدا بوون، وەکوو گاراژدارەکان یان

ئەو کەسانەی کە لە کەرتی بەکارهێنانەوە (ڕیسایکڵین) کاریان دەکرد. لە کۆتاییدا دەبێ بڵێین بە مەبەستی فامکردن و ناسینی وردتری بەستێنەکانی زبڵگەڕی منداڵان وێژەی تەکنیکی ئەم بوارەش شی کراوە. بە مەبەستی شیکاری و شرۆڤەی داتاکان شێوازی کۆدینگی سێقۆناغی (اشتراوس و کربین، 1397 هەتاوی) بە کار هێنرا کە ئەنجامی کۆتاییەکەی خستنە ڕووی مۆدێلی بەستێنی زبڵگەڕی لە شاری تاران بوو. ئەم مۆدێلە بەرهەمی کۆدینگی کراوە و تەوەری داتاکانی توێژینەوەیە. بە بۆچوونی شتراوس و کەربین بەو پێیەی کە لە شێوازی تیوری بەستێن، تیوری بەرهەمهاتووی داتاکانی توێژینەوەیە بایەخی هەیە. هەروەها بە مەبەستی هەڵشکاندنی ئاستی بایەخی لێکۆڵینەوە گرووپی توێژینەوە بە کار هێنران بە جۆرێک کە بە دیمانەکردن لەگەڵ تاکەکانی گەڕەکە جیاجیاکان داتا بایەخدارەکانمان کۆ کردەوە و لە هەموو قۆناغەکاندا بەتایبەت کۆکردنەوە و شیکاری داتاکان پێکەوە هاوکارییان نواند و چاودێری کاری یەکتریان کرد. لە کۆتاییدا دوا ڕاپۆرتی بەرهەمهاتوو لە لایەن پسپۆڕانی بواری توێژینەوەی کاری منداڵ پێداچوونەی پێدا کرا و خاڵ و بۆچوونەکانیان ڕچاو کرا.

4. ئەنجامەکان

41. تایبەتمەندییە کۆمەڵناسییەکان

نەتەوەی 96 لە سەدی (290 کەس)ـی زبڵگەڕەکان ئەفغانستانی، 3 لە سەد (9 کەس) ئێرانی و 1 لە سەد (3 کەس) خەڵکی پاکستانن[1]. هەموویان پیاو بوون.[2] لە ناو زبڵگەڕە ئەفغانستانییەکان 95.5 لە سەدیان خەڵکی پارێزگای هەراتن و ئەوانی دیکەیان خەڵکی پارێزگا و شارەکانی دیکەی وکەوو بەلخ، بەدەخشان، فاریاب، بادغیس، غەزنەی و گۆڕەپانی وەردەکن. 89 لە سەدیان بە شێوەی نایاسایی هاتوونەتە ئێران و 11 لە سەدیان بە شێوەی یاسایی. 2 لە سەدی تەمەنی زبڵگەڕەکان 10 ساڵان و کەمتر، 23 لە سەد 11 بۆ 14 ساڵان، 30 لە سەدیان 15 بۆ 17 ساڵان و ئەوانی دیکە تەمەنیان لە 18 ساڵان زیاترە. مامناوەندی تەمەنی منداڵانی زبڵگەڕ 14.2 ساڵان بوو. 10 لە سەدیان ڕۆژانە کەمتر لە 50 کیلۆ زبڵ کۆ دەکەنەوە و 27 لە سەدیان 51 بۆ 100 کیلۆ، 24 لە سەد 101 بۆ 150 کیلۆ، 17 لە سەد 151 بۆ 200 کیلۆ و 21 لە سەدیان زیاتر لە 200 کیلۆ. 63 لە سەدی زبڵگەڕەکان زبڵەکانیان بە نرخی 200 بۆ 400 تمەن دەفرۆشن 21 لە سەدیان 401 بۆ 600 تمەن و 16 لە سەدیان ٦٠٠ و زیاتر. 21 لە سەدیان 4 بۆ 8 کاتژمێر لە شەوڕۆژدا کار دەکەن، 46 لە سەد 8 بۆ 12 کاتژمێر، 23 لە سەد 12 بۆ 16 کاتژمێر و 10 لە سەدیان پتر لە 16 کاتژمێر. بە پێی بەراوردەکان نزیکەی 15 هەزار کەس لە شاری تاران خەریکی زبڵگەڕین کە ڕێژەی یەک لە سەر سێیان واتە نزیکەی 5 هەزار کەسیان منداڵن. جێگرایەتی پلان داڕشتنی زبڵ لە تاران لەم بارەوە وتی:

---

[1]- بەو پێیەی کە ڕێژەی زبڵگەڕە ئەفغانستانییەکان لە دیکەی زبڵگەڕەکان زیاترە و سەرچەشنی زبڵگەڕییەکەشیان جیاوازە. لێرە بە دواوە، شیکاری پەیوەست بە کۆمەڵگەی ئامانجی ئەم توێژینەوە تایبەت بەم گرووپەیە واتە زبڵگەڕانی بە ڕەچەڵەک ئەفغانستانی.

[2] - لە ناو بنەماڵە پاکستانییەکاندا دەبینرێ کە کچان لەگەڵ براکانیان لە دەورووبەری ماڵەکانیاندا زبڵگەڕی دەکەن، بەڵام هاوشێوەی منداڵانی دیکە پرۆفیشناڵانە زبڵگەڕییان نەدەکرد. شایەنی ئاماژەیە لە ئەگەری بەردەوامی بارودۆخی ئابووری ئێستا و زیاتربوونی ڕێژەی هەژاری، لە داهاتوودا بوونی کچان و ژنانیش لەم کەرتەدا دەبینین. وەک لە ئێستادا ڕێژەیەک لە ژنان دەبینین کە خەریکی زبڵگەڕین.

ئەگەر بمانهەوێ ڕێژەکە لە سەرتاسەری تاراندا بخەملێنین. نزیکەی 15 هەزار کەسن کە ئەم 15 هەزار کەسە لە ناوچە و گەڕەکە جیاجیاکاندا جیاوازە. لەوانەیە گەڕەکێک 200 کەس بێ، لەوانەیە گەڕەکێک 20 کەس بێت. [ئێوە چۆن ئەم فۆرمۆلە 15 هەزار کەسییەتان بۆ دەرکەوتووە؟] بڕوانە، ئێمە لە سەر ئاستی شاری تاران 122 ناوچەمان هەیە. من دەفرایەتی ڕێژەی ئەو کەسانەی کە لەم ناوچانەدا کار دەکەن لە 122 هەڵمداوە [...]. ئێستا بەم ڕێژەی 15 هەزار هێزە کە خەریکی کارن، لە کۆی ئەم 15 هەزار کەسە، من بە ئەزموون نەک بە تۆێژینەوە، دەمەوێ بڵێم کە کۆمەڵێکیان لەوانەیە منداڵ بن. پێم وا نییە 5000 هەزار کەس تێپەڕ بکات؛ یەک لە سەر سێی ئەم کەسانە کە کار دەکەن، منداڵن. بەو مەرجەی کە منداڵمان لە 18 ساڵ بۆ خوار ڕەچاو گرتبێت.[1]

42. بەستێنەکانی کاری منداڵان

سێ بەستێنی گرینگ هۆکاری بیچمگرتنی زبڵگەڕی منداڵان لە تارانن کە بریتین لە: 1) ئابووری وەکوو هەژاری لە ناو بنەماڵەی ئەفغانستانی و لە ناو هەندێ لە بنەماڵە ئێرانییەکان و ئابووری زبڵ، 2) کۆمەڵایەتی – کەلتووری لە چوارچێوەی بەستێنە خێزانییەکانی وەکوو هاسەرگیری لە هەڕەتی منداڵی و ڕێژەی زکـوزای زۆر و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی وەکوو تۆڕی خێزانی و ئاشنایی 3) سیاسەتی وەکوو یاسای جیاکارانە و شێوازی بەڕێوبردنی زبڵ لە سەر ئاستی شاری تاران. ئەم سێ بەستێنە پێکەوە لە پەیوەندیدان کە لە ژێرەوە هەندێکیان شی دەکەینەوە.

وڵاتی ئەفغانستان خاوەن 37 ملیۆن حەشیمەتە کە 75 لە سەدیان لە دەڤەرە گوندییەکاندا دەژین و پتر لە 60 لە سەدی خەڵکەکەی نەخوێندەوارن. ئەم وڵاتە یەکێ لە هەژارترین وڵاتانی دنیایە. لە ماوەی یەک دەیەی ڕابردوودا، کۆمەڵگای ئەفغانستان گەشەی ئابووری بە خۆوە بینیبوو، بەڵام ئەم گەشە ئابووریە دابەزینی ڕێژەی هەژاری لێ نەکەوتەوە، بە جۆرێک کە نزیکەی 36 لە سەدی خەڵک لە هەژارییەکی تۆخدا دەژین و ئەم تاقمی کەسانە توانای دابینکردنی زۆرێک لە پێداویستییەکانی خۆیانیان نییە (وەزارەتی ئابووری ئەفغانستان، 2013؛ بانکی جیهانی، 2019). شەڕی هەمەلایەنە و بەردەوامی شەڕ ڕێژەی هەژاری زیاتر کردووە. زبڵگەڕێکی تەمەن 17 ساڵان بەم شێوە هەژاری بنەماڵەکەی گێڕایەوە:

"بارودۆخی ئابووریمان باش نییە؛ ئیتر هەژارین. [بنەماڵەکەت کار دەکەن؟] نا کورە. هەموویان بێکارن. 3 خوشکم هەیە لە خۆم بچووکترن. 3 برام هەیە لە خۆم منداڵترن. هەموویان بێکارن. تەنیا برایەکم دەخوێنێت."

زۆربەی زبڵگەڕەکان خەڵکی پارێزگای هەراتن کە هاوسنووری ئێرانە. ئەم پارێزگایەش یەکێک لە پارێزگا زۆر هەژارەکانی ئەفغانستانە. هەژاری وای کردووە کە منداڵان بە مەبەستی دابینکردنی بەشێک لە تێچووی بنەماڵە بەرەو ئێران کۆچ بکەن و بە هۆی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیان بچنە ناو پرۆسەی

[1] - بە بەکارهێنانی شێوازێکی دیکە ڕێژەی زبڵگەڕەکان 13 هەزار و 968 کەسە و ڕێژەی منداڵانی زبڵگەڕیش 4 هەزار و 565 کەسە. (بڕوانە انجمن حمایت از حقوق کودکان، 1398: 33-231).

زبڵگەڕییەوە. منداڵانی زبڵگەڕ لەگەڵ ئەندامانی خێزان، خزم و کەس و هاوڕێیان بە نیازی زبڵگەڕی بەرەو ئێران کۆچ دەکەن. ئەم تۆڕانە هاتنیان بۆ ناو کار ئاسان دەکاتەوە. یەکێک لە منداڵان وتی: "لەگەڵ براکەم و مامم و ئامۆزاکەم لە ئەفغانستانەوە هاتووین، پێشتر ئەوان هاتبوون، چیتر ئەفغانستان کاری تێدا نەبوو، هاتینە ئێرە لەگەڵیان کار بکەین." هاوسەرگیری لە تەمەنی کەم و زکـوزای زۆر یەکێک لە هۆکارەکانی هەژاری بنەماڵەکان و کارکردنی منداڵانە. سەرباری ئەوەی ڕێژەی زکـوزا لە وڵاتی ئەفغانستان کەمی کردووە بەڵام ئەم ڕێژە هێشتا زۆرە و لە ساڵی 2016 زایینی 4.64 منداڵ بۆ هەر ژنێک بووە (پۆرتاڵی ئامار، 2019). هەر لەم بوارەدا یەکێک لە زبڵگەڕەکان وتی:

بنەماڵەکەمان ئێستا 20 کەسین، 6 برا و 10 خوشکین، 4 دانە دایک و باوک: سێ دایک و باوکێکمان هەیە. باوکم سێ ژنی هەیە. لە هەر کام لەم ژنانە منداڵی هەیە کە بوونەتە 16 کەس.

شێوازی هاوسەرگیری لە ئەفغانستان و شاری هەرات و هاوسەرگیری لە تەمەنی کەمدا زەختێکی دووقات دەخاتە سەر منداڵان بۆ ئەوەی بێنە ناو پرۆسەی کارەوە. بە گوێرەی دیمانە لەگەڵ زبڵگەڕەکان زۆربەیان لە تەمەنی منداڵیدا، کەمتر لە تەمەنی 18 ساڵان هاوسەرگیری دەکەن. چونکە لە زۆربەی حاڵەتەکاندا هەر لەو تەمەنەدا لە ناو خزم و ناسیاوەکاندا کچێکیان بۆ "دیاری" دەکەن. لە ژێر کاریگەری هەندێ لە داب-ونەریتەکان، زاوا دەبێ بڕە پارەیەکی زۆر وەک "پێشکەش" بدا بە باوکی کچەکە بۆ ئەوەی بتوانێ لەگەڵ کچەکەی هاوسەرگیری بکات. هەروەها دیکەی تێچووەکانی ئاهەنگی هاوسەرگیری و خانوبەرە لە ئەستۆی زاوا و بنەماڵەکەیەتی. هەر بۆیە منداڵ ناچار دەبێ بۆ دابینکردنی تێچووی هاوسەرگیری چەندین ساڵ کار بکات. یەکێک لە منداڵانی زبڵگەڕ دەیگێڕێتەوە:

من دەزگیراندارم، دەبێ 150 ملیۆن بدەم بە خەزووڕەم. لای ئێمە ژن دەکڕنەوە. ئەگەر بە بێ جیاز بێ دەبێ 35 ملیۆن بدەین بە باوکی بووک؛ بەڵام ئەگەر بە جیازەوە بێ دەبێ 100 بۆ 150 ملیۆن تمەن بدەین بە باوکی بووک.

ئەفغانستانییەکان بۆ ئەوەی بتوانن تێچووی هاوسەرگیری، بەتایبەت ئەو بڕە پارەی کە دەبێ لە بری کچە بیدەن بە باوکی کچ، دابین بکەن، دەبێ کار بکەن و داهاتیان هەبێت. لە زۆرێک لە حاڵەتەکاندا، هەر ئەم حاڵەتە دەتوانێ بەستێن بۆ کۆچکردن بۆ ئێران و دەسپێکی کاری کۆکردنەوەی زبڵ لە ناو منداڵان بڕەخسێنێت؛ کەواتە کۆکردنەوەی زبڵ دەتوانێ ببێتە سەرچاوەی داهاتێک بۆ دابینکردنی تێچووی هاوسەرگیری. ئەو جیاکاری و هەڵاواردنانەی کە لە دژی کۆچبەران بەتایبەت کۆچبەرانی ئەفغانستانی دروست دەبێ ئەوان زیاتر بەرەو هەندێ پیشەی تایبەت وەکوو زبڵگەڕی هان دەدات. یاسای پیشە چواریانە مۆڵەتدارەکانی پەنابەرانی بیانی لە ئێراندا یەکێک لەم حاڵەتانەیە.[1] بە پێی ئەم یاسایە پەنابەرانی ئەفغانستانی دەتوانن تەنیا لە چوار گرووپی پیشەی سەرەکیدا کار بکەن، ئەم چوار گرووپە بریتین لە: کاری بیناسازی، کوورەخانەی دروستکردنی خشت، کاری کشتوکاڵی و دیکەی گرووپە پیشەییەکان. لە ژێرلقی گرووپە پیشەییەکاندا هەندێ پیشەی وەکوو نوغرۆکردنی زبڵ و بەکارهێنانەوەی زبڵ و ڕیسایکڵینی مادە کیمیاییەکان بەدی دەکەین. هەروەها پێڕستێک لە پیشەی تایبەت لە تاران هەیە کە شارۆمەندانی ئەفغانستانی بۆیان هەیە

[1] - ئەم یاسایە لە ماڵپەڕی وەزارەتی هەرەوەرزی، کار و خوشگوزەرانی کۆمەڵایەتی بڕوانە ئەم ناونیشانەی ژێرەوە:
https://www.mcls.gov.ir/icm_content/media/image/2019/01/246612_orig.pdf

لە هەندێ پیشەی وەکوو بەکارهێنانەوەی زبڵ و گواستنەوەی زیانچووە ئاسنی و پلاستیکییەکاندا ئیش بکەن.

پەرەسەندنی ئابووری زبڵ لە کەرتی فەرمی و نافەرمی لەگەڵ شێوازی کۆکردنەوەی زبڵ لە شاری تاراندا بەستێنی بۆ کاری منداڵان ڕەخساندووە. هەڵکشانی ڕێژەی حەشیمەتی شاری تاران، گۆڕانی شێوازی بەکارهێنان و هەڵکشانی ڕێژەی بەکارهێنان بۆتە هۆی دروستبوونی قەبارەیەکی بەربڵاوی زبڵ لە شاری تاران، بە جۆرێک کە بەڕێوبەری زبڵ یان پاشخوان بۆتە یەکێک لە چەلێنجە گرینگەکانی شارەوانی تاران. لە پاڵ بەچەلێنجکێشانی بەڕێوبردنی زبڵ، ئەوڕۆکە زبڵ و بەکارهێنانەوەی بۆتە پیشەسازییەکی پڕداهات کە شارەوانییەکان و ڕێکخراوی پاشخوان و ئەو کەسانەی کە لەم بوارەدا سەرمایەدانەری دەکەن هەر کامیان بە جۆرێک لە جۆرەکان هەڵوەدای ئەوەن لەم بوارەدا قازانج وە دەست بخەن. لە شاری تاران 7 هەزار و 500 تۆن زبڵ بەرهەم دێ کە 35 لە سەدی زبڵی وشکە (ماڵپەڕی سازمان مدیریت پسماند تهران). زبڵە شارییەکان لە تاران لە هەر دوو کەرتی فەرمی و نافەرمی بەڕێوە دەبرێن (کام بەڕێوبەری!). لە کەرتی فەرمیدا پرۆسەی کۆکردنەوەی پاشخوانە وشکە جیاکراوەکانی شارۆمەندانی تارانی لە سەرەتادا بە سێ شێواز لە ڕێگەی شارەوانی تارانەوە ئەنجام دەدرێ: 1. هۆدەی بەکارهێنانەوە؛ 2. پێدانی حەفتانەی پاشخوانە وشکە کۆکراوەکان بە پەیمانکارانی شارەوانی تاران و 3. کۆگا نیلییەکانی میکانیزەی 1100 لیتری. بە گوێرەی وتەی سەرپەرشتیاری جێگرایەتی پلان ڕێژی پاشخوانی تاران، شارەوانی ڕۆژانە نزیکەی 400 تۆن زبڵی وشک کۆ دەکاتەوە، واتە نزیک 15.26 لە سەد و پاشماوەکەی دیکە لە لایەن کەرتی نافەرمییەوە کۆ دەکرێتەوە.

کەرتی نافەرمی سەرەڕای ئەوەی لە لایەن ناوەندە گشتی و یاسادانەرەکانەوە بە ڕێگەپێنەدراو سەیر کراوە، بەڵام ڕێژەیەکی زۆری خەڵک بۆ وێنە منداڵان لەم کەرتەدا ئیش دەکەن. ناکارامەبوونی کەرتی فەرمی بازنەی بەڕێوەبەری پاشخوانی شاری، سووڕی ئابووری بەربڵاو، پانتای سوودبەخشی زۆر، کەمتێچوویی بۆ خاوەنکاران و پەیمانکاران، کەمتەرخەمی یان بێهێزی لە چاودێرکردنی چۆنیەتی کۆکردنەوەی زبڵ لە لایەن خاوەنکارەوە، ڕەچاونەکردنی یاساکانی کۆکردنەوەی زبڵ لە لایەن پەیمانکاران و دیکەی فاکتەرەکان هۆکاری بیچمگرتنی ئەم کەرتەن. بە پێی ڕێسای چاودێری بە سەر میکانیزمی کۆکردنەوەی پاشخوانە وشکەکان (1391 هەتاوی)، لە بڕگەی 30 ئاماژە بە سەرپێچی و تاوانەکانی پەیوەست بە گرێبەستی کۆکردنەوە و جیاکردنەوەی پاشخوانە وشکەکان کراوە. زۆرێک لە بڕگەکانی ئەم ڕێسایە بە شێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ ئاماژە بە نایاسایبوونی کۆکردنەوەی زبڵ بە شێوەی نافەرمی دەکەن؛ بۆ وێنە بڕگەی 17 ئاماژە بە بوونی هەندێ فاکتەری جیای وەکوو کەتفی، تەلیس بە کۆڵ و داشقە، بڕگەی 18 ئاماژە بە بەکارهێنانی وێزگەی بەکارهێنانەوەی بێمۆڵەت (چواردیوارییەکان) و بڕگەی 26 ئاماژە بە بەکارهێنانی ئەو کرێکارانە دەکا کە تەمەنیان کەمە یان پەنابەری بیانی بێمۆڵەتن؛ کەواتە بڕگە جیاجیاکان ئاماژە بە قەدەغەبوونی کۆکردنەوەی زبڵ بە شێوەی نافەرمی دەکەن. هەروەها کۆکردنەوەی زبڵ بە شێوەی نافەرمی زۆرێک لە بڕگەکانی گرێبەستی پێدانی میکانیزمی کۆکردنەوەی زبڵی وشک (1391 هەتاوی) پێشێل دەکات. لە خاڵە سەرنجڕاکێشەکانی ئەم ڕێسایە ئەوەیە کە بە تاوانی پێشێلکردنی هەر کام لە بڕگەکانی ئەم ڕێسایە سزای ئابووری ڕەچاو کراوە. وێدەچێ کە ئەم چەشنە سەرپێچییە جگە لە سوودی ئابووری نەبێ هیچی دیکەی بۆ خاوەنکار و پەیمانکار تێدا نییە، چونکە پەیمانکارەکان بە شێوازی

جۆراوجۆر بڕگەکانی ئەم ڕێسایانە پێشێل دەکەن و شارەوانی تەنیا دەتوانێ سزایان بدا و لە هەندێ حاڵەتدا سزاکە هەڵدەوەشێتەوە.

43. شێوازی ئەنجامدانی زبڵگەڕی و پەیوەندییەکانی

لە پرۆسەی بەتایبەتکردن و دەرەوەئەسپاردن، ئەوڕۆکە شارەوانی تاران زۆرێک لە ئەرکەکانی خۆی وەکوو کۆکردنەوە و جیاکردنەوەی زبڵی خستۆتە ئەستۆی کەرتی تایبەت و پەیمانکاران. ئەم پێسپاردنە بەرپرسایەتییە کۆمەڵایەتییەکانی شارەوانی وەک ناوەندێکی گشتی بەتایبەت لە هەمبەر زبڵگەڕەکان کەم کردۆتەوە. بۆ وێنە بە پێی بڕگەی 336 گرێبەستی پێسپاردنی میکانیزمەکانی کۆکردنەوەی پاشخوانی وشک خاوەنکار واتە شارەوانی لە هەمبەر کەسی سێیەم و خەسارەتی بە هۆی کاردای پەیمانکار هیچ بەرپرسایەتییەکی نییە. ڕێکخراوی پاشخوانی تارانیش بەرپرسایەتی پێسپاردن و چاودێری بە سەر پەیمانکارانی خستۆتە ئەستۆی گەڕەک و ناوچەکانی شارەوانییەوە.

پەیمانکاران بە شێوەی جۆراوجۆربەستێن بۆ بیچمگرتنی کەرتی نافەرمی و بەکارهێنانی منداڵانیان خۆش کردووە؛ یەکەم ئەوان کۆکردنەوەی زبڵەکانیان بە سەر هەر دوو دانگی بەیانی و پاشنیوەڕۆ دابەش کردووە. لە دانگی بەیانیدا پەیمانکاران لە ڕێگەی کرێکارانی بەکارهێنانەوە زبڵی گەڕەکەکان کۆ دەکەنەوە. کرێکارانی بەکارهێنانەوەش بە کەڵکوەرگرتن لە هەندێ مەکینەی وەکوو وانێت، زبڵی ئەم گەڕەکانە لە ناو زبڵدانەکانەوە کۆ دەکەنەوە و بە گوێرەی قەبارەی ئەو زبڵەی کە کۆی دەکەنەوە واتە بە شێوەی کیلۆیی بە پەیمانکارانی دەفرۆشن. بە پێی ئەو دیمانانەی کە لەگەڵ کرێکارانی زبڵگەڕ کردمان، بۆمان دەرکەوت کە ئەوان بە شێوەی مامناوەند هەر یەک کیلۆ زبڵ بە نرخی 400 تمەن بە پەیمانکاران دەفرۆشن. هەروەها پەیمانکارەکان لە ناو بەکارهێنانەوەدا، شوێنی نیشتەجێبوونی زبڵگەڕەکانیان دابین کردبوو.

لە نۆرەی پاشنیوەڕۆدا زبڵەکان بە تەواوەتی بە شێوەی نافەرمی کۆ دەکرێنەوە. لەم دانگەدا، پەیمانکاران بە بەکرێدانی هەر گەڕەکێک بە کەسانی زبڵگەڕ بە پێی گرێبەست "ڕسووم" یان پشک، ئیزنی کۆکردنەوەی زبڵەکان بە شێوەی نافەرمی دەردەکات. دەبێ ئەم بابەتەمان لەبەر چاو بێ کە ئامانجی شارەوانی و ناوەندی پاشخوان و بەتایبەت پەیمانکاران ئەوەیە کە لە ڕێگەی ئەم شێوازی کۆکردنەوەی زبڵە زیاترین قازانج دەست بخەن. لە ڕاستیدا شارەوانی بە دەرەوە دسپێری، هەندێ لە ئەرکەکانی بە پەیمانکارانی کەرتی تایبەت خۆی لە ئەرکەکانی دەدزێتەوە و دەیخاتە ئەستۆی پەیمانکاران، بەڵام بە گوێرەی ڕێسای چاودێری بە سەر میکانیزمی کۆکردنەوەی پاشخوانە وشکەکان (1391 هەتاوی)، هەندێ ئەرکی وەکوو چاودێری بە سەر کاری پەیمانکاران بۆ شارەوانی و ڕێکخراوە پەیوەندیدارەکانی دیاری کراوە کە لە زۆربەی حاڵەتەکاندا ئەوان لەم بوارەدا کەمتەرخەمی دەنوێنن و تەنیا بە سزای نەختی ڕازی دەبن. لە لایەکی دیکەشەوە، ئامانجی پەیمانکاران لە بەکارهێنانی هێزە بێمۆڵەتەکان و منداڵان وەدەستهێنانی هێزی کاری هەرزان و لە ئەنجامدا قازانجی زیاترە و بەو پێیەی کە ئەم پەیمانکارانە کۆچبەران و منداڵانی ئەفغانستانی بۆ کۆکردنەوەی زبڵ بە کار دەبەن، لە زۆربەی بەرپرسایەتییە یاساییەکانیان وەکوو بیمە، دابینکردنی کەرەسە و کەرەستەکانی کار، دابینکردنی شوێنی نیشتەجێبوونی باش و خۆراک بۆ ئەو زبڵگەڕانە خۆ دەبوێرن.

وەک گوترا پەیمانکاران لە نۆرەی پاشنیوەڕۆدا بە پێی گرێبەست "ڕسووم"[1] یان پشک لەگەڵ زبڵگەڕەکان ئیش دەکەن یان کاریان پێ دەکەن. "ڕسووم" یان "ڕسوومکردن" گرێبەستێکە لە نێوان زبڵگەڕەکان یان "ئاغا"ی زبڵگەڕەکان لەگەڵ پەیمانکارانی گەڕەکەکانی شاری تاران یان نوێنەرەکانیان کە ئەرکی کۆکردنەوە و بەکارهێنانەوەی زبڵیان پێ سپێردراوە، بە جۆرێک کە کەسی زبڵگەڕ یان ئاغاکەی بە شێوەی مانگانە بڕە پارەیەک دەدا بە پەیمانکار بۆ ئەوەی لەم ڕێگەوە ئیزن بە کەسانی زبڵگەڕ بدرێ کە لە گەڕەکی دیاریکراو زبڵ کۆ بکەنەوە. بە پێی ئەم گرێبەستە (ڕسووم) وێنەی هەر کام لەم کرێکارە زبڵگەڕانە لە لایەن ئاغا دەدرێ بە بەکارهێنانەوەی گەڕەک و بەکارهێنانەوەش بۆ ناسینەوەی هەر کام لەمانە کارتێک دەردەکا بۆ ئەوەی کاتێک کە کەسانی زبڵگەڕ تووشی پشکنەران یان پیاوانی پەیمانکارەکان دێن، ئەو کارتەیان پێ پیشان دەدەن بۆ ئەوەی دڵنیا بن کە ئەوان کرێکاری کام گەڕەکن. لەم بارەوە، زبڵگەڕێکی تەمەن 18 ساڵان دەیگێڕێتەوە: "بەکارهێنانەوە بۆ ئەوەی ئێمە بەینە گەڕەک و زبڵ کۆ بکەینەوە بڕی ملیۆنێک وەردەگرێت. ئێستا بۆتە مانگی دوو ملیۆن و 700 هەزار تمەن. ئاغا وێنەیەکمان لێ هەڵدەگرێ، بەکارهێنانەوە بە وێنەکانمان کارت دروست دەکات. پشکنەرەکان وێنەی ئێمەیان لە ئۆتۆمبێلدا هەیە."

یەکێکی دیکە لە منداڵەکان دەڵێ:

"ئێمە لێرە ڕسووم دەدەین؛ مانگێ سێ ملیۆن دەدەین بۆ ئەوەی ڕێگە بدەن ئیش بکەین. ئەگەر ڕسووم نەدەین، ئەوان دێن دەگەڕێن، بزانن کێ پارەی نەداوە دەیگرن و لێی دەدەن".

جۆرێکی دیکەی گرێبەستی کار بە شێوەی پشک یان پوورسانتی نێوان ئاغا و پەیمانکارە. لەم چەشنە گرێبەستەدا، ئاغا چیتر بڕە پارەیەکی دیاریکراو بە پەیمانکار نادا، بەڵکوو هەر سەرەتاوە لە نێوان خۆیاندا دیاری دەکەن کە چەند لە سەدی قەبارەی زبڵە کۆکراوەکان بۆ ئاغا و چەند لە سەدی دەبێ بۆ پەیمانکار بێ یان بە گوێرەی ئەم گرێبەستە، کرێکاران دەبێ بە نرخێکی دیاریکراو زبڵەکان بە پەیمانکار بفرۆشن. نرخ لە لایەن بەکارهێنانەوە و پەیمانکاران دیاری دەبێت. لەم بارەوە زبڵگەڕێکی تەمەن 19 ساڵان گوتی:

ئەم بارە لە کۆی سەد لە سەد 40 لە سەدی هی ئاغایە و 60 لە سەدی هۆی بەکارهێنانە. هیچ بڕە پارەیەک وەرناگرێ، ڕێژەییە. لە کۆی ئەم 40 لە سەدە ئاغا دەبێ پارەی ئەم کرێکارانە بدا بۆ ئەوەی بەکارهێنان گیر بەم کرێکارانە نەدات.

یەکێک لە منداڵانی زبڵگەڕ لە گەڕەکی شارەکی ڕۆژئاوا سەبارەت بە نرخی فرۆشتنی زبڵەکان بە پەیمانکار وتوویەتی:

ئەم بارە هەر شتێک نرخێکی هەیە؛ پلاستیک کیلۆی 700 تمەنە، پیت کیلۆی 900 تمەنە، ئاسن کیلۆی 400 تمەنە، کارتۆن 350، شووشەش کیلۆی 250 تمەن، نان کیلۆی 400 تمەن، نایلۆن، شتی پلاستیکی 700 تمەن.

[1] - بڕە پارەیەک کە لە بەرانبەر ئیزنی کار لە گەڕەکی زبڵگەڕ و یان خاوەنکار (ئاغا) دەدرێ بە پەیمانکار.

گێڕانەوەی سەرەوە پیشان دەدا کە لە هەندێ حاڵەتدا زبڵگەڕەکان، هاوشێوەی پەیوەندییەکانی کار لە بەکارهێنانەوەکانی گەڕەکە شارییەکاندا (کەرتی فەرمی)، لە کەرتی نافەرمیشدا زبڵەکان بە نرخی دیاریکراو بە پەیمانکار یان نوێنەرەکانیان دەفرۆشن. بە گشتی پەیوەندییەکانی کار لە کەرتی نافەرمی بە تەواوەتی چەوسێنەرانەیە بە جۆرێک کە نرخی فرۆشتنی زبڵەکان و نرخی ڕسووم لە لایەن پەیمانکاران و نوێنەرەکانیان دیاری دەبێت. بە گوێرەی ئەو دیمانانەی کە لەگەڵ کەسانی زبڵگەڕ ئەنجام درا و بە پێی ئەو گەڕەکەی کە تێیدا کار دەکەن، زبڵگەڕەکان بە شێوەی مانگانە بڕە پارەیەکیان لە نێوان 2 ملیۆن و 500 هەزار تمەن هەتا 4 ملیۆن تمەن دەدا بە پەیمانکار. هەروەها بە پێی نرخی فرۆشتنی زبڵەکان و قەبارەی کۆکردنەوەی زبڵ لە ڕۆژدا لە لایەن زبڵگەڕەکانەوە دەتوانین بڵێین کە داهاتی ڕۆژانەی زبڵگەڕەکان بە شێوەی مامناوەند 71 هەزار تمەنە و بەو پێیەی کە لە کاتی دیمانەدا زۆربەی ئەم کەسانە ئاماژەیان بەم خاڵە دەکرد کە لە حەفتەدا ڕۆژێک پشوو دەدەن، کەواتە دەتوانین بڕی داهاتی مانگانەی ئەوان بە شێوەی مام-ناوەند بە ملیۆنێک و 860 هەزار تمەن بخەملێنین.[1]

زبڵگەڕەکانیش زۆربەیان لە چوارچێوەی توڕی خزمایەتیدا خەریکی کارن. ئەم توڕانە بە دابینکردنی زانیاری بۆ کۆچبەرە نوێکانی وڵاتی ئەفغانستان ئەوان دەهێننە ناو پرۆسەی زبڵگەڕییەوە. لە لایەکی دیکەوە لە کاتی کۆکردنەوەی زبڵیش بە گوێرەی ئەم توڕانە زبڵ کۆ دەکەنەوە. شوێنی نیشتەجێبوونیان بەتایبەت لە ناو قوواڵکەکان لە باشووری شاری تاران بە پێی ئەم توڕانە دابەش دەبن. بۆ وێنە کاتێک کە ئەم کەسانە پارچە زەوییەک بۆ گواستنەوەی زبڵ و جیاکردنەوەی زبڵەکان لەوێ بە کرێ دەگرن، ئەم پارچە زەوییە لە ناو خۆیاندا، کە لە زۆربەی حاڵەتەکاندا کەسەکان هاوئێتنیک و خزمن، دابەش دەکەن و کار دەکەن. هەر لەم بوارەدا، یەکێک لە بەشداربووان گوتی:

ئێمە ئێستا سێ کەسین. خۆمان بۆ خۆمان ئیش دەکەین. یەکیان ماممە، خۆمان بار بۆ خۆمان کۆ دەکەینەوە. یەکیان ماممە کە ئێرە خاوێن دەکاتەوە و منیش لەگەڵ کوڕەماممەکەم زبڵ کۆ دەکەینەوە.

لەم گێڕانەوەدا، مەبەست لە ڕستەی " ئێمە ئێستا سێ کەسین" ئەوەیە کە ئەم سێ کەسە بەشێک لە بنکەی زبڵیان (گاراژ) – کە نزیکەی50 کەس تێیدا ئیش دەکەن، بۆ خۆیان بە کرێ گرتووە و ئەوان کاری تێدا دەکەن. لە ڕاستیدا ئەم سێ کەسە بۆ خۆیان گرووپێکیان پێک هێناوە کە لە سەر بنەمای پەیوەندی ئێتنیکییە.

زبڵگەڕەکان بە ئامرازگەلی وەکوو داشقە، تەلیس، عارەبانە و ئۆتۆمبێل و وانێت زبڵەکان کۆ دەکەنەوە. کۆکردنەوەی زبڵ بە ئۆتۆمبێل لە دانگی بەیانداندا لە ژێر چاودێری بەکارهێنانەوە ئەنجام دەدرێت. کۆکردنەوەی زبڵ بە وانێت لە چاو ئامرازەکانی دیکە ئاسانترە و قەبارەی کۆکردنەوەی زبڵ بەم ئامرازانە زیاترە. ئەم ئۆتۆمبێلانە دەدرێ بەو کەسانەی کە لە کەرتی فەرمیدا ئیش دەکەن نە لە کەرتی نافەرمی. کۆمەڵێکی دیکەی زبڵگەڕەکان داشقە یان عارەبانە بە کار دێنن. ئەم چەشنە کەرەسانە "ئاغاکان" دەیدەن بە زبڵگەڕەکان و کرێکارەکانیش لە بەرانبەر ئەوە بڕە پارەیەک دەدەن بە ئاغاکانیان یان لە بەرانبەر تێچووی داشقە زبڵ بە ئاغاکانیان دەفرۆشن. یەکێک لە کێشەکانی زبڵگەڕەکان کاتی بەکارهێنانی داشقەیە کە ئەگەر لە ڕۆژانی سەیرکردنی هێزەکانی شارەوانی لە گەڕەک، ئەگەر ئەوان خەریکی کارکردن لە گەڕەک بن،

[1] - ئەم داتایانە هی ساڵی 1398 هەتاوییە.

کەرەسە و بارەکەیان لێ دەگیرێ و هەتا ئەو کاتەی دیسان بتوانن داشقەیەکی دیکە جێبەجێ بکەن بێکارن. لەم بارەوە دەتوانین پشت بە وتەی گەنجێکی تەمەن 19 ساڵان ببەستین کە دەڵێ:

پیاوەکانی شارەوانی زۆر گیرمان پێ دەدەن، داشقەکەم دەبەن. هەندێجار جنێو دەدەن، شەڕ دەکەن، داشقەکەم دەبەن، ئێمە داشقەیەکی دیکە دەکڕین، زۆر بووە، هەتا ئێستا 20 داشقەیان لێ بردووم، هەر داشقەیەک بە 180 هەزار تمەن دەکڕم.

تاقمێکی دیکەی زبڵگەڕەکان بە "کەتفی" یان تەلیس زبڵ کۆ دەکەنەوە. ئەوان ئەو تەلیسانە (کە پێی دەڵێن کەتفی) دەخەنە کۆڵیان و زبڵەکان لە ناو ئەو تەلیسانەدا کۆ دەکەنەوە. زبڵکۆکردنەوە بە کەتفی لە چاو کەرەسەکانی دیکە زبڵی کەمتری تێدا هەڵدەگیرێ و هەر لەبەر ئەوەش بە هۆی هەڵگرتنی زبڵ بە شێوەی ڕاستەوخۆ دژوارییەکی زیاترە. لە هەندێ لە گەڕەکەکاندا، شارەوانی کەڵکوەرگرتن لە کەرەسەگەلی وەکوو داشقەی قەدەغە کردووە و زبڵگەڕەکان بە تەلیس زبڵ کۆ دەکەنەوە. لێرەدا دەتوانین ئاماژە بە قسەی مێرمندالێکی تەمەن 16 ساڵانی زبڵگەڕ بکەین کە بەم شێوە وڵامی پرسیاری "هۆی بەکارنەهێنانی کەرەسەکانی دیکەی وەکوو داشقە چییە؟ دایەوە:

ڕۆژانە 100 یان 120 کیلۆ زبڵ کۆ دەکەمەوە [...] داشقە لێرە ڕێگەپێدراو نییە، دەنا 200 بۆ 300 کیلۆم کۆ دەکردەوە.

کەرەسەی کاری هەندێ لە زبڵگەڕەکان داشقەیە، داشقە زبڵدانی نیلی و چوار تگەرییە کە بەکارهێنانەوەی هەندێ لە گەڕەکەکان دەیدەن بە کرێکاران بۆ ئەوەی لە شوێنی مەبەستدا چالاکی بکەن و ئەگەر لەم گەڕەکانەدا کرێکاران بۆ کۆکردنەوەی زبڵ کەرەسەی دیکە بە کار بێنن، بەکارهێنان بەرەنگاریان دەبێتەوە. هەر لەم بوارەدا، زبڵگەڕێکی تەمەن 16 ساڵان گوتی:

شارەوانی ئەم زبڵدانانەی دا بە بەسیر و بەسیریش دای بە ئێمە. لە ڕۆژدا 3 یان 4 جار ئەم زبڵدانانە پڕ دەکەین.

44. لێکەوتە و مەترسییەکانی زبڵگەڕی

زبڵگەڕی هەندێ کێشەی وەکوو ماوەی درێژخایەنی کار و زەختی زۆر، بارودۆخی نالەباری تەندروستی، پیسی ژینگە کە کاریگەری نەرێنی لە سەر تەندروستی جەستەیی کەسی زبڵگەڕ دادەنێ، زیانبەرکەوتن و ڕووداوی کاتی کار، هەستی ناخۆشی دەروونی کە لە کاتی کۆکردنەوەی زبڵ تووشی دەبێ، گرژی و ناکۆکی، و مەترسی دیکەی بە دواوە. لە ژێرەوە ئاماژە بە هەندێ لەم مەترسیانە دەکەین.

مەترسی جەستەیی: ئەم مەترسییانە بریتییە لە بریندار بوون و زیانمەندبوون و نەخۆشی و مەرگ. کەسانی زبڵگەڕ بە دەست، بە نیازی دەسخستنی زبڵی وشک بە ناو زبڵدانەکاندا دەگەڕێن و هەر لەبەر ئەوە ئەگەری بڕین و بریندار بوونی دەستیان بە شتی تیژ و بڕێنەری وەکوو شووشە و ئاسن یەکجار زۆرە. زبڵگەڕێکی تەمەن 15 ساڵان وتوویەتی: "دەستم زۆر بریندار بووە؛ شووشە دەیبڕێ، دەرزی پێیدا هەڵدەچەقێ، ئاسن لێی دەکەوێ، تیغی تێدایە. ماوەیەک پێش ئێستا دەرزی لە دەستم هەڵچەقی، چوومە شەرای مەرگ. ئێتر هەتا

شەش ڕۆژ نەمتوانی کار بکەم." 73 لە سەدی زبڵگەڕەکان لە وڵامی ئەم پرسیارەی کە "ئایا هەتا هەنووکە بریندار بوون یان نا؟" وڵامی بەڵێیان داوەتەوە. لە زۆربەی حاڵەتەکاندا منداڵان تێگەیشتنێکی ئەوتۆیان لە چۆنیەتی بریندار‌بوون یان لێکەوتەکانی بریندار‌بوون نییە و کەرەستەکانی خۆپارێزی وەکوو دەمامک، جل-وبەرگ و کەرەسەی کار بە کار نابەن. 68 لە سەدی زبڵگەڕەکان دەستەوانەیان بە دەستەوە بوو بەڵام دەستەوانەکەیان باش نەبوو. بۆ وێنە هەندێکیان دەستکێشیان لە ناو زبڵدانەکان دۆزیبۆوە یان دەستەوانەکەیان بە هۆی تەڕی یان عارەقەکردنی دەست شیاوی بە کارهێنان نەبوو. لەو کاتانەی کە کەسانی زبڵگەڕ بریندار دەبن یان سەردانی پزیشک دەکەن یان ناکەن. تێچووی قورسی چارەسەر، وای کردووە کە ئەگەر کەسانی زبڵگەڕ بریندار بن، نەتوانن بە شێوەی گونجاو خۆیان چارسەر بکەن. هەر لەم بوارەدا، یەکێک لە زبڵگەڕەکان لە وڵامی ئەم پرسیارە کە "ئاخۆ هەتا ئێستا لە کاتی کاردا بریندار بووی و چۆنت چارسەر کردووە؟" گوتی: "جارێکیان دەرزی درووما‌ن لە دەستم هەڵچەقی، هەڵماسی. ئیتر خۆم لە ناو کانێکس ناس – جۆرێک مادەی هۆشبەرم لە سەری دانا، کەمێک ماسینەکەی نیشتەوە، ئینجا چوینە دوکتۆر؛ ڕۆژێ 100 هەزار تمەنی وەردەگرت". یان منداڵێکی تەمەن 13 ساڵان سەبارەت بە چارەسەری بریندەکەی گوتی: "کارێکی وا ناکەین، لە ناو زبڵەکاندا دەگەڕێم پەڕۆیەک دەدۆزینەوە بەوە بریندەکەمان دەپێچینەوە".

نەخۆشی: بەکارهێنانی شێوازی ناستاندارد لەوانەیە هەوکردن و دیکەی نەخۆشییە بێچارەسەکانی لێ بکەوێتەوە. هەندێجاریش ئەم کەسانە بە هۆی کۆکردنەوەی زبڵ تووشی نەخۆشی پێستی دەبن؛ وەک منداڵی تەمەن 12 ساڵان دەیگێڕێتەوە: "دەموچاوت بۆچی ئاوای لێ هاتووە؟ ئەمە سالەکە. [لەم پێشەدا وات لێ هاتووە؟] ئەرێ. [چوویە دوکتور؟] جارێکیان چووم. چووم گوتی ئەمە نەخۆشی سالەکە. 5 دانە دەرزییان لێدام هەتا ئێستاش چاک نەبوومەتەوە. جارێک لە دەموچاوم دەرهات. هاتمە ئێرە وام لێهات. لە ئەفغانستان وا نەبووم." لە هەندێ لە حاڵەتەکاندا زبڵگەڕەکان تووشی نەخۆشی هەڵامەت دەبن کە لەوانەیە بە هۆی سەردان‌نەکردنی پزیشک، تووشی ئانفۆلانزا ببن. هەندێجاریش ژانەسەری بە هۆی بۆن‌کردن بە بۆی پیسی زبڵ ئازاریان دەدا و دەبێتە هۆی ئەوەی ماوەی چەند ڕۆژ نەتوانن ئیش بکەن. زبڵگەڕەکان هەروەها بە هۆی بارودۆخی کار و ژیانیان تووشی جۆرەکانی نەخۆشی ئازاری گورچیلە، ئازاری گوێ، ئاسم، پشتئێشە، ئازاری پێستی. کارکردن لە کەش‌وهەوای نەگونجاو، نەبوونی مەکینە و کەرەسەی پێویستی کاری گونجاو و پارێزراو، ژیان‌کردن لە شوێنی پیس و نەپارێزراو، (لە هەندێ حاڵەتدا) خواردنەوەی ئاوی پیس، خواردنی خۆراکی نەگونجاو، خەوی ناڕێک و ناتەواو، و کاتی زۆری کارکردن لە فاکتەرە سەرەکییەکانی مەترسی جەستەیی زبڵگەڕی بەتایبەت نەخۆشییەکانە.

بارودۆخی سەختی کار: زبڵگەڕی هەندێ زەختی وەکوو درێژخایەن‌بوونی ماوەی کار، بە کۆڵ گواستنەوەی باری قورس و ماندوێتی لەڕادەبەدەر هەیە. هەندێجار کەسەکە لە یەکەم ساتەکانی ڕۆژەوە هەتا شەو کار دەکات. بۆ وێنە بەیانی زبڵە کۆکراوەکان جیا دەکاتەوە و پاش‌نیوەڕۆ و شەو زبڵ کۆ دەکاتەوە. هەروەها بارودۆخی شوێنی نیشتەجێکردنی زبڵگەڕەکان لە ئاستێکی باشدا نییە. هەموو ئەم مژارانە لە درێژەی کاتدا دەتوانێ توانای کەسی زبڵگەڕ لە ڕووی جەستەیی و دەروونییەوە کەم بکاتەوە. لە زۆربەی کاتەکاندا، بە هۆی کۆچی نایاسایی و تێچووی قورسی ئەم کۆچکردنە، کەسی زبڵگەڕ ناچارە بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەم تێچووانە کاتێکی زیاتر کار بکات. کاتی کاری درێژخایەن ماوەی پشووی کەسەکە دەفەوتێنێ و خەوی تەواو و پشووی لێ زەوت دەکات. منداڵێکی تەمەن 13 ساڵانەش سەبارەت بە دژواری

کاری و بێخەوی گوتی: "دژوارییەکەی شتێکی وا نییە، بەڵام خاوێنکردنەوەی ناخۆشە. خەوت دێ، دەمەو بەیانی دەبێ ئەم زبڵانە پاکژ بکەیتەوە، ناتوانی. خەوت دێ پێت خۆش نییە خەوت بزڕێت." یەکێکی دیکە لە منداڵەکان سەبارەت بە دژواری کارەکە وتی:

ناخۆشی کارەکە لە بێخەوییەتی؛ هەر دەبێ کار بکەیت. دەبێ ئەم تەلیسانە بە کۆڵ هەڵبگری. هەر بە دوای زبڵدا بگەڕێی. زبڵ کۆ بکەیتەوە، دژوارە. کەمخەوی زۆر پیاو تووڕە دەکات. ئێتر ئێمە کاتژمێر١٠ی شەو دەچینەوە هەتا نانی شەو ساز دەکەین، نان دەخۆین، کاتژمێرێک دەخایێنێ، دوازدە و نیوی شەو دەخەوین، شەشی بەیانیش لە خەو ڕادەپەڕین. ئێتر دژوارییەکەی لە جیاکردنەوەیەتی.

ڕووداوی کاتی کار: منداڵانی زبڵگەڕ هەندێ جار لە کاتی کاردا تووشی ڕووداو دەبن؛ بۆ وێنە ئەو کاتەی کە منداڵ توانای چەماندنەوەی زبڵدانی نییە دەچێتە سەر زبڵدان یان دەچێتە ناو زبڵدانەوە، یان هەندێ جار لە کاتی گەڕان بۆ زبڵ زبڵدانەکە دادەنەوێنن کە لەم حاڵەتەدا لەوانەیە زبڵدانەکە بکەوێتە سەر پایان و بریندار بن. کوڕێکی زبڵگەڕی تەمەن 15 ساڵان وتوویەتی: "ئێمە بچووکین باڵامان بە ناو زبڵدانەکە ناگات. جارێکیان زبڵدانەکەم دانەواندەوە، کەوتە سەر قاچم و قاچم بریندار بوو." لە لایەکی دیکەشەوە گواستنەوەی هەندێ لە زبڵگەڕەکان لە شوێنی نیشتەجێبوونیانەوە، لە باشووری تاران بە کامیۆن ئەنجام دەدرێ و کاتی گەڕانەوەش ئەم کامیۆنانە بە کار دەبەن، بەو جیاوازییەی لە گەڕانەوەدا کامیۆنەکان پڕ لە زبڵن و زبڵگەڕەکان ناچارن لە سەر میچی کامیۆن یان لە سەر زبڵەکان دابنیشن. لەم بارودۆخەدا، ئەگەری ڕووداتی مەترسی یان ڕووداو بۆ ئەم کەسانە زۆرە. یەکێک لە زبڵگەڕەکان گێڕایەوە: "ئێتر چەتوونە، هەتا نان بخۆی، بخەوی، نە خەوی خەوە، نە گەرماوێک، نە هیچ. ماندوو دەبین ئێتر. هەر لە دەمەو بەیانییەوە هەتا شەو دەبێ بە ڕێگاوە بڕۆی، دەی ماندوو نابی؟ ئێتر ئەستەمە. ئێستا منداڵانی دە دوازدە ساڵان کار دەکەن. دوو کەس دەتوانن یان سێ کەس دەتوانن لە ناو خاوەرییەکە دابنیشن. هەمووان لە سەرەوە دادەنیشن. باران ببارێ و بەرد ببارێ هەموو لە سەرەوە دادەنیشن. [سەرەوە کوێیە؟] لە سەر باری زبڵەکان، لە سەر خاوەرەکە. [دەی ئەوێ مەترسیدار نییە؟] با، ئەی دار گیر دەکا، کوێر دەبی، هەیە دەکەوێتە خوارەوە. کەیبڵێک لە زبڵەکە گیر بکا، ژێرەوەمان داڕە، باری زبڵەکان لە سەرەوەیە. دەچێتە بن دارەکان، دەکەوێت. [خۆت قەت چوویتە سەرەوە؟] من هەمیشە لە سەرەوەم. [پێم بڵێ چۆن چۆنییە؟] بۆ وێنە هەوا ساردە، لە پێشدا بارەکە دەخەنە ناو خاوەرییەکە، دەچینە سەر خاوەرییەکە، ئێتر دادەنیشی. دار گیر دەکات. سەرمایە ئێتر."


زەختە جەستەییەکان: زەختی جەستەیی و خەسارەتەکانی لە پیشەی زبڵگەڕیدا زۆرن، بە جۆرێک کە هەڵگرتنی باری قورس و ماندووێتی لە ڕادەبەدەر دەبێتە هۆی ئەوەی ئێسک و ماسوولکەکانیان زیانی پێ بگات. زبڵگەڕە نافەرمییەکان بۆ کۆکردنەوەی زبڵ کەرەسەگەلی وەکوو تەلیس یان کەتفی و داشقە بە کار دەبەن. ئەوان ناچارن لە کاتی کۆکردنەوە و گواستنەوەی زبڵەکان تابشتی کێش و قورسی بار لە سەر شەقام بێنن. تابشتهێنانی ئەم بارودۆخە بۆ منداڵان ئەستەمترە و لێکەوتەی جیاجیای لەگەڵە، چونکە کاریگەری لە سەر قۆناغەکانی گەشەکردنی ئەوان دادەنێت. بەکارهێنانی داشقەش مەترسی خۆی هەیە و هەمیشە ڕێگەپێدراو نییە. بۆ وێنە لە هەندێ لە گەڕەکەکانی تاران، وەکوو گەڕەکە باکووریەکان کە لێژی زۆرە بەکارهێنانی داشقە جێبەجێ نابێ و لەوانەیە تلار ببێتەوە و بەرکەوتنی لەگەڵ ئۆتۆمبێل هەبێت. یەکێک لە

زبڵگەڕەکان دەیگێڕێتەوە: "ئێرە داشقە بە کار نایە، سەرەوڵێژی هەیە، بەری بدەی تلار دەبێتەوە لە ئۆتۆمبێلێک دەکەوێ، دەبێ خەسارەت بدەیت."

بوونە قوربانی تاوان و تۆندوتیژی: لە ناو شاردا لە کاتی کۆکردنەوەی زبڵ و لە شوێنی نیشتەجێبوون زبڵگەڕەکان دەبنە قوربانی هەموو جۆرەکانی تاوان و تۆندوتیژی. بەڵگە وەدەستهاتووەکانی مەیدانی توێژینەوە پیشان دەدا کە زبڵگەڕەکان دەبنە قوربانی دزینی جۆراوجۆر کە گرینگترین دزییەکەیان بریتییە لە دزینی شتەکانیان لە شوێنی نیشتەجێبوون، دزینی شتەکانیان لە کاتی کۆکردنەوەی زبڵ لە ناو شار، و دزینی زبڵەکانیان لە کاتی کاردا. زەختی ئەم دزییانە زۆرە، چونکە زۆربەی بەشداربووان لە درێژەی دیمانەدا ئاماژەیان بەوە کرد کە "شتەکان" یان "بارەکانیان" دزراوە. منداڵێکی تەمەن 17 ساڵان بەم شێوە بۆی گێڕاینەوە: "زبڵمان زۆر لێ دەدزن. ئێرانییەکان بە ئۆتۆمبێلەوە دێن لێمان دەدزن، ئۆتۆمبێلەکانیان هی خۆیانە". کاتێک لە منداڵێکی تەمەن 17 ساڵەمان پرسی کە "سەختی کاری زبڵگەڕی چییە؟" ئەو لە وڵامدا گوتی: "ئەمە سەختییەکەیەتی؛ باریەک زبڵ کۆ دەکەیتەوە، دڵی پیاو دەشکێنن، لە ناکاو دەبینی دیار نییە". دزی لە شوێنی نیشتەجێبوونیان زۆر باوە. یەکێکی دیکە لە زبڵگەڕەکان گێڕایەوە: "شەوێکیان منداڵەکان نووستبوون. بەیانی کە هەستان بینیمان چوار دانە موبایل دیار نییە. ئیتر کاری هەر کەس بێ ڕفاندی. [کێ دزی دەکا؟ لە دەرەوە دێن یان منداڵەکانی خۆتانن؟] نا، لە دەرەوە دێن."

زبڵگەڕەکان لە شوێنی کاردا لە کاتی کۆکردنەوەی زبڵ هەموو جۆرەکانی تۆندوتیژی بەئەزموون دەکەن کە زۆربەی تۆندوتیژییەکانیش بە هۆی شێوازی ڕێکخستنی کار لە لایەن پەیمانکارانەوە ڕوو دەدەن. 73 لە سەدی زبڵگەڕەکان وتیان کە تۆندوتیژییان بەئەزموون کردووە. لەم نێوانەدا 76 لە سەدی تۆندوتیژی دەروونی و 69 لە سەدیان تۆندوتیژی جەستەییان بەئەزموون کردبوو.

زبڵگەڕەکان زیاتر لە لایەن ئەجێنداکانی پەیمانکاران. شارۆمەندان، و دیکەی زبڵگەڕەکان تۆندوتیژی بەئەزموون دەکەن. یەکیان دەیگێڕێتەوە: "ئیتر ئەمانە پێش دێ، بەکارهێنان ئەگەر لە گەڕەکی 5 یەکێ بێتە ئێرە، دەیبا، ئەوەندەی لێ دەدەن. ئەگەر نێستا بە داشقە بچمە گەڕەکی 2، دەمگرێ تێمهەڵدەدا. لە گەڕەکی 5یش ڕێگە بە داشقە نادەن، ڕووبەڕوو کرێکاری گەڕەکی 2 دەبێتەوە. بچینە گەڕەکێکی دیکە قاچاغچی تێمان‌هەڵدەدەن."



چارتی ژمارە 1. فاکتەرەکانی سەپاندنی تۆندوتیژی لە دژی زبڵگەڕەکان

شێوازێکی زۆر باوی توندوتیژی و هەڕەشەکردن لە ئاسایشی گشتی زبڵگەڕەکان ئەو کاتەیە کە بەرپرسانی فەرمی پەلاماری گاراژ یان قوواڵکەکانیان دەدەن و دەیڕۆخێنن. لە زۆربەی حاڵەتەکاندا، ناوەندە فەرمییەکانی وەکوو هێزی داد، پۆلیس، شارەوانی و دیکەی ناوەندەکان لەگەڵ دیاردەی بنکە بێمۆڵەتەکانی فڕێدانی زبڵ نەرمی دەنوێنن و نایانڕۆخێنن. بەاڵم لە هەندێ حاڵەتدا بە هۆی هەندێ زەخت و گوشارەوە هێرش دەکەنە سەر ئەم بنکانە و دەیانڕۆخێنن. زۆر جار بەرپرسان بۆ ڕۆخاندنی ئەم ناوەندانە پاساوی تەندروستی و ژینگەیی دەهێننەوە. ناوەندە فەرمییەکان بەتایبەت شارەوانی تاران لە الیەک بە پێی ئەو تەوگیرەی کە بۆ جیاکردنەوەی زبڵ کردوویانە و بردوویانەتە بواری جێبەجێکردن، خۆیان هۆکاری بەدیهاتنی ئەم چەشنە ناوەندانە لە شاری تاراون و لە الیەکی دیکەشەوە کاتێک کە شارەوانی تاران زەخت و گوشار دەکرێتە سەری بە هاوکاری دیکەی ناوەندەکان دەست دەدەنە ڕۆخاندنی ئەم ناوەندانە. لەم بوارەدا گێڕانەوەی یەکێک لە زبڵگەڕەکان بەم شێوەیە:

"شارەوانی لە هەر کوێ بزانێ هۆدەمان داناوە فڕێی دەدا، لە ئەشرافاوە دەیکوت شتەکانتان کۆ بکەنەوە دێ و هۆدەکان کۆ دەکاتەوە. شتی خەڵکیشی تێدایە. دەڵێ ئێوە بۆتان نییە هۆدە لێ بدەن. بە زۆری دێت. بە 6 پیاوی کەلانتەرییەوە دێ. خاوەنی پارچە زەوییەکە پارە بە شارەوانی نادات. ئەو حەفتە ئێمە چووین و هۆدەکەمانی کۆ کردەوە. 6 دانە کەلانتەری بوون. من خەوتبووم کاتژمێری 6 بەیانی بوو؛ کوڕێک هاواری کرد وتی کەلانتەرەکان هاتن کۆتان بکەنەوە. ئێمە هەستاین، کەلانتەرەکان ڕژانە ناو ئەشرەفاوا، 6 دانە ئۆتۆمبێلی هێزەکانی ئاسایش بوون. کەلانتەری خاوەرشار بوو، 10 دانە ئۆتۆمبێلی شارەوانی بوو، هی گەرەکی 20 بوو، 15 بوو، بەیانی کە لە خەو ڕاپەڕیبووین 2 ئۆتۆمبێل هاتن کە هۆدەکان کۆ بکەنەوە. هاتین بینیمان شارەوانی دەڵێ شتەکانتان کۆ بکەنەوە من ئەو هۆدە هەڵدەپێچم. 60، 50 هۆدە بوو. ئیتر ماوەی پێ نەداین."

نیشتەجێکردنی مەترسیدارانە و خۆراکی نەشیاو: شێوازی نیشتەجێکردنی زبڵگەڕەکان و دەست-پێڕاگەیشتنیان بە خزمەتگوزاری شاری ڕەهەندێکی دیکەی ژیانی زبڵگەڕییە کە مەترسی زۆری لێ دەکەوێتەوە. شوێنی نیشتەجێبوونی ئەو زبڵگەڕانەی کە تاقی بەیانان کار دەکەن لە ناو بەکارهێنانەوەکانە کە تا ڕادەیەک دەستیان بە ئامراز و خزمەتگوزاری شاری دەگا، ئەوە لە حاڵێکدایە کە چڕی نیشتەجێکردن لەوێ زۆرە. شوێنی نیشتەجێکردنی ئەو کەسانەی کە لە دانگی پاشنیوەڕوان و لە کەرتی نافەرمیدا کار دەکەن لە ناو قوڵکەکان، کوورەخانەی دروستکردنی خشت و بنکەکانی جیاکردنەوەی زبڵە کە زۆربەیان دەکەونە گەڕەکە باشوورییەکانی شار وەکوو ئەشرەفاوا، مەحموودئاوا و خەالزیری تاران. لە زۆربەی حاڵەتەکاندا ئەوان لە ناو کەپرە دەستکردەکانی پاڵ زبڵە کەڵەکەبووەکان ژیان بە سەر دەبەن کە لە زۆرێک لە کەرەستەگەلی خزمەتگوزاری بێبەشن. بەڵگە وەدەستهاتووەکانی مەیدانی توێژینەوە پیشان دەدا کە چۆنایەتی ژیانی تاکەکان لەو شوێنانە زۆر خراپ و تەنانەت نامرۆڤانەیە. یەکێک لە زبڵگەڕەکان لە بارەی شوێنی نیشتەجێکردنیان وتوویەتی:

[ئەم پارچە زەوییە هی کێیە؟] هی بەندەیەکی خودایە. کوورەی دروستکردنی خشت کۆنە، زەوییەکە بە کرێ دەگرین. لێرە مانگی سێ ملیۆن دەدەین و سێ ملیۆنیش دەدەین بە کارەبا. [ئاوی هەیە؟] نا. ئاوی شیرینی نییە؛ ئاوی چای هەیە. تەوژمی ئاو کەمە. پۆمپەکە دەسووتێنێت. بۆ ئاوی خواردنەوە بە ئۆتۆمبێل

ئاومان بۆ دێنن. تۆنگەیی دەکڕین. تۆنگەی هەزار و 500 تمەنە. [ئێرە گەرماوی هەیە؟] نا دەبێ بچیتە ئیسلاماوا. شەش هەزار تمەن وەردەگرن، پارەی ئاوی پەتی. حەفتەیەک جارێک دەچین. [چۆن شوێنی خەوتان گەرم دەکەنەوە؟ هیچ کێشەیەکتان بۆ پێش نایە؟] بە غاز؛ نا. مەترسیمان لە سەر نییە چونکە کون و کەلێنی زۆرە.



وێنەی ژمارە 2. هەندێ وێنەی شوێنی نیشتەجێکردنی زبڵگەڕەکان

ئەوان لە لانیکەمی کەرەستەکانی ژیان وەکوو ئاو، گەرماو، کەرەسەی گەرمکەرەوەی پارێزراو و کەل-وپەلی لەو چەشنە بێبەشن. 77 لە سەدی زبڵگەڕەکان وتوویانە ئاوی خواردنەوە دەکڕن و 49 لە سەدیان حەفتەیەک جارێک دەچنە گەرماو. زۆر جار بۆ ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونیان گەرم بکەنەوە کەپسوولی غاز بە کار دەبەن و بە هۆی ترس لە خنکان، لە کاتی خەوی شەوانەدا دەیکووژێننەوە. منداڵان بە هۆی ئەوەی لە درێژەی حەفتەدا چەندین کاتژمێر ئیش دەکەن چیتر بۆ کاروبارەکانی دیکەی وەکوو خوێندن و یاری وزەیان تێدا نامێنێ و زبڵگەڕی و بۆنەکانی ئەم کارە هەڕەتی منداڵیان بە تاڵان دەبات. لە ڕۆژانی پشوو یان خۆیان خاوێن دەکەنەوە و یان دەخەون. لە ڕووی خۆراکەوە ئەم منداڵانە بە هۆی هەژاری خۆراکەوە دەناڵێنن، فرەچەشنی ئەو مادە خۆراکییانەی کە دەبێ بیخۆن زۆر سنووردارە و لە هەندێ حاڵەتدا بە هۆی بارودۆخی کارەوە ناچارن سەرەڕای کاری دژوار ژەمە خۆراکییەکانیان وەلا بنێن. منداڵێک گێڕایەوە: "[... چی دەخۆن؟] هێلکە؛ سۆسیسێک دەکڕین. [نانی نیوەڕۆ و شەوتان ئەوەیە؟] نانی شەو ناخۆین، دەخەوین. بۆ بەیانی بەرچایی دەخۆین. [واتە نانی شەو ناخۆن؟] نا. [لە گەرەکیشدا نایخۆن؟] ئەگەر بخۆین تێچووی زۆرە، بۆمان نامێنێتەوە. ناخۆین."

خەسارەتهەڵگریی کۆمەڵایەتی: کۆچ، بارودۆخی سەختی کار و ژیان، بەئەزموونکردنی هەموو جۆرەکانی تووندوتیژی و گووشار بە هۆی هەستی ناخۆش دەتوانێ ئەوان بخاتە بەر دەم هەموو جۆرەکانی زیانی کۆمەڵایەتی وەکوو بەکارهێنانی مادەی هۆشبەر. بەکارهێنانی جۆرە مادەیەکی هۆشبەر لە ناو زبڵگەڕەکاندا بە ناوی ناس باوە و مادەی هۆشبەری دیکەش دەکێشن. یەکێک لە منداڵەکان وتی: "زۆر

مادەی هۆشبەر بەکار دەبەن؛ دوانمان هەیە. ئەوان دەکێشن. [چی دەکێشن؟] کریستاڵ و دەوا." ئەمە ئەوە ناگەیێنێ کە هەموو زبڵگەڕەکان مادەی هۆشبەر دەکێشن بەڵام کۆمەڵێکی زۆریان دەکێشن. سەرەڕای ئەوەی لە ناو منداڵاندا کێشانی مادە هۆشبەرەکان بەدی نەکراوە بەڵام ئەزموونی کاری دژوار لەگەڵ بینینی ئەم چەشنە هەڵسوکەوتانە لە ناو شوێنی کاردا دەتوانێ خەسارەتهەڵگریان بکات.


5. کۆبەندی و ئەنجامگرتن

هەندێ فاکتەری وەکوو هەژاری، دابونەریتە هەڵەکان، یاسا و ڕێسای جیاکارانە و بەڕێوبەری ناکارامەی شاری لە بواری کۆکردنەوە و نەبوونی پلانی کاریگەر و ئامادە بۆ ڕاهێنانی شارومەندان بۆ لێک-جیاکردنەوەی زبڵ لە سەرەتاوە، هەروەها نەبوونی ژێرخانی گونجاو بۆ کۆکردنەوەی زبڵ و نابەرپرسایەتی شارومەندان لە ئاست زبڵ و بەرهەمهێنانی زبڵی زۆر وای کردووە کە منداڵان و دیکەی کەسەکان ڕوو بکەنە کۆکردنەوەی زبڵ لە کەرتی نافەرمیدا. وەک بەڵگەکان پیشانی دا گرێبەستی کاری لە نێوان زبڵگەڕەکان و پەیمانکاران، شێوازی کۆکردنەوەی زبڵ لە لایەن زبڵگەڕەکان لە ڕەهەندی جۆراوجۆردا وەکوو شێوازی کۆکردنەوە، شێوازی کڕین و ئیزنی کار، ماوەی کار، شێوازی جیاکردنەوە، ئامرازی کار، تووشی کێشەی جۆراوجۆر دەبێتەوە. بە واتایەکی دیکە دەتوانین بڵێین شێوازی ڕێکخستنی کۆکردنەوەی زبڵ بە تایبەت لە کەرتی نافەرمی و شوناسەکەی چەوسێنەرانە و نامرۆڤانەیە، بە جۆرێک کە دەبێتە هۆی دزینی ئەو زێدەباییە کە زبڵگەڕەکان بەرهەمی دێنن و ئەمە زیانی جەستەیی، دەروونی و کۆمەڵایەتی لێ دەکەوێتەوە. ئەم مژارانە بە هۆی کەمتەرخەمی شارەوانی و لایەنە جێبەجێکارەکانی لە دابەزاندنی یاساکانی بەکارهێنانەوەی زبڵ و چاودێرینەکردنی کارکردی پەیمانکارانی شارەوانی بە هۆی شێوازی ناکارامەی ڕێکخستنی سیستەمی کۆکردنەوەی زبڵە. جیا لەوە، ئەم زبڵگەڕانە لە پاڵ کار و ژیانی خۆیان ڕووبەڕووی هەندێ کێشە دەبنەوە. زبڵگەڕی وەک یەکێک لە خراپترین جۆررەکانی کاری منداڵان نە تەنیا ڕێگری لە خوێندن و یاریکردنی منداڵان دەکا بەڵکوو لە ڕەهەندە جیاجیاکانەوە تەندروستییانی خستۆتە مەترسییەوە. منداڵان لە کاردا هەموو جۆرەکانی تۆندوتیژی بەئەزموون دەکەن، کۆکردنەوەی زبڵ لە ناو زبڵدان لە پاڵ ئەوەی کە زیانیان پێ دەگەیێنێ و دەبێتە هۆی نەخۆشی، ئەزموونێکی زۆر ناخۆشە کە هەموو جۆرە هەستێکی نەرێنی ئاوقانی منداڵان دەکات.

لە مۆدێلی ژێرەوە لە پرۆسەیەکی لۆژیکیدا بەستێن و لێکەوتەکانی زبڵگەڕی پیشان دراوە. لە بەشەکانی پێشتردا سەبارەت بە توخمی مۆدێل ڕوونکردنەوەی زۆرمان داوە. تەنیا پێویستە ئاماژە بە چەند دانەیان بکەین. لە بواری کۆمەڵگەی بەکارهێنەردا وەک یەکێک لە بەستێنەکانی زبڵگەڕی دەبێ بڵێین بەکارهێنانی بەربڵاو بەتایبەت لە چوارچێوەی بەستەبەندی لە لایەک و دابینەکردنی بەستێن و فەرهەنگی جیاکردنەوەی زبڵ لە سەرەتا لە لایەکی دیکەوە وای کردووە قەبارەیەکی زۆری زبڵی جیانەکراوە بێچم بگرێ کە زەمینە بۆ بێچمگرتنی زبڵگەڕی بڕەخسێنێت. یان شێوازی جێبەجێکردنی یاساکان ئاماژە بە جێبەجێکردنی هەموو ئەو یاسایانە دەکا کە بەکارهێنانی منداڵی بۆ کار قەدەغە کردووە بەڵام بە هۆی جێبەجێنەبوونی ئەم یاسایانە زەمینە بۆ کاری منداڵان خۆش کراوە، لەم بەستێنەدا دەتوانین ئاماژە بە یاساکانی کار، ڕاگەیاندنی یاسای

قەدەغەکردن و داپەڕینی خێرا بۆ سڕینەوەی خراپترین جۆری کاری منداڵان، ڕێسای چاودێری بە سەر میکانیزمی کۆکردنەوەی پاشخوانە وشکەکان و هتد بکەین.

ڕێکارەکانی منداڵان و دیکەی زبڵگەڕەکان بەتایبەت لە کەرتی نافەرمی لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ شێوازی ڕێکخستنی زبڵگەڕ و مەترسییە جۆراوجۆرەکانی ئەو کارە لە چوارچێوەی تۆڕی کۆمەڵایەتی وەکوو خزمایەتی و دۆستایەتییە. ئەم تۆڕانە لە کار و شوێنی نیشتەجێبوونداکۆمەڵێ پشتیوانی بۆ زبڵگەڕەکان دابین دەکات. بۆ وێنە لە هەندێ حاڵەتدا ئەوان لە ڕێگەی ئەم تۆڕانەوە جیا لە هەندێ بۆنە وەکوو پێدانی "ڕسووم" کەسانی دیکە دەهێننە ناو پرۆسەی زبڵگەڕییەوە. سەرباری ئەوەی زبڵگەڕەکان باش دەزانن کە لە کاردا دەچەوسێنرێنەوە و زبڵگەڕی هەموو بوارەکانی ژیانیان دەخاتە ژێر کاریگەری خۆیەوە، بەڵام بە هۆی ئەوەی دەزانن دەنگیان بە هیچ کوێ ناگا و هەوڵەکانیان هیچی لێ سەوز نابێ و ناچارن ئیش بکەن لە چوارچێوەی ئەم تۆڕانە و پەیوەندییەکانی درێژە بە کار بدەن.



وێنەی ژمارە 3 مۆدێلی زەمینەیی زبڵگەڕی منداڵان لە شاری تاران

زبڵگەڕی هەڵگری کۆمەڵێک لێکەوتە بۆ منداڵانە کە لە ئاستێکی جیاوازدا دەتوانێ تەندروستییان بخاتە مەترسییەوە و هەڕەتی منداڵییان پێشێل بکا، هەڕەتێک کە دەیانتوانی پارێزراو بن و یاری بکەن و شاد بن و بخوێنن. لە سەر ئاستی بەربڵاوتردا لێکەوتەکانی زبڵگەڕی بریتییە لە کۆمەڵێک پرسی کۆمەڵایەتی و ژینگەیی کە لە سەر ئاستی شاری و بەتایبەت لە قوڵکەکانی زبڵدا دەبینین. زبڵگەڕی منداڵان سیمای شاری تارانی نامرۆڤانە کردووە، واتە بنەڕەتیترین مافەکانی منداڵ لەم شارەدا پێشێل دەکرێت. بە مەبەستی کەمکردنەوەی دەرد و نەهامەتی زبڵگەڕەکان و نەهێشتنی زبڵگەڕی وەک خراپترین جۆرەکانی کاری منداڵان هەندێ پێشنیار خراوەتە ڕوو. بە گشتی چەند ئاراستەی سیاسەتی بۆ کاری منداڵان بوونی هەیە کە بەم شێوەن:

1) **ئاراستەی بە پێی خۆشگوزەرانی[1]:** ئەم ئاراستە پێداگری لە سەر باشترکردنی کار و بارودۆخی ژیانی زبڵگەڕەکان و کەمکردنەوەی کێشەی ڕۆژانە و باشترکردنی پێداویستییەکانی ئەم گرووپە دەکات. گومانی گشتی سەبارەت بە زبڵگەڕەکان و منداڵانی زبڵگەڕ ئەوەیە کە ئەوان خەڵکانێکی هەژارن کە پێویستیان بە هاوکارییە. ئەم ئاراستە هەڵوەدای گۆڕینی بارودۆخ نییە. نموونەکانی دەستێوەردانی پشتبەستوو بە ئاراستەی خۆشگوزەرانی بریتین لە پێدانی خزمەتگوزاری تەندروستی، شتن و چاودێری تەندروستی؛ پێدانی کەرەسە و ئامرازە خۆپارێزییەکان؛ ڕێکخستنی چالاکی سەرگەرمی بۆ منداڵان و دابینکردنی خانوبەرە بۆ بنەماڵەکان.

2) ئاراستەی بە پێی گەشە[2]: ئەم ئاراستە هەڵوەدای پەرەدان بە توانای تاکەکان و دابینکردنی سەرچاوەی دارایی و جەستەیی و هەروەها دەرفەتە پەروەردەییەکانە. گومانی گشتی سەبارەت بە زبڵگەڕەکان و منداڵانی زبڵگەڕ ئەوەیە کە ئەوان خەڵکانێکی هەژارن کە پێویستیان بە هاوکارییە و هەندێ توانایان هەیە کە دەبێ ئەم توانایانە بە هێز بکرێن و دەبێ بۆ پەرەدانی ئەم توانایانە دەرفەتیان پێ بدرێت. هەندێ نموونە دەستێوەردانی پشتبەستوو بە ئاراستەی گەشە بریتییە لە: دابینکردنی کەرەستەکانی چاودێری ڕۆژانە؛ دابینکردنی پەروەردەی فەرمی و نافەرمی و ڕاهێنانی پیشەیی و دابینکردنی هەلی کاری بەدیل بۆ پیشە، بوودجە و بەرهەمهێنانی داهات.

3) ئاراستەی بە پێی یاسا[3]: ئامانجی ئەم ئاراستە دروستکردنی پانتای سیاسی زیاتر بۆ زبڵگەڕەکان و هەروەها بەهێزکردنی پێگەیان وەک گرووپێک لە ناو کۆمەڵگایە. هەنگاوی یەکەم پێدانی ئیزن بۆ دەربڕینی سکاڵا بە کۆمەڵگای ئامانج و زیاتر بینرانی ئەم کۆمەڵگەیە. لەم ئاراستەدا، زبڵگەڕەکان وەک کەسانێک فام دەکرێن کە دەبێ داکۆکییان لە سەر بکرێ و مافی ژیانێکی باشتریان پێ بدرێت. نموونەکانی دەستێوەردانی بە پێی ئاراستەی یاسا بریتین لە: ڕێکخستن، لۆبیگەری، دنەدانی بەشداری سیاسی، بۆ وێنە ڕێکخستنی زبڵگەڕەکان لە ناو هەرەوەرزییەکان بۆ ئەوەی دەسەڵاتی ناوبژیوانەکان کەم ببێتەوە و داهاتی زبڵگەڕەکان باشتر بێ؛ هەڵکشاندنی ئاستی وشیاری سەبارەت بە کاری منداڵان لە ناو کۆمەڵگاکان و چاکسازی یاسایی و باشتر دابەزاندنی یاساکانی کار؛ چاکسازی یاسایی ئاماژە بە بارودۆخی باشتری کار واتە ماوەی کار، لانیکەمی تەمەنی، لانیکەمی مووچە، تەندروستی پیشەیی (پارێزراوی، دەنگە دەنگ)، بیمەی دەرمانی و هتد دەکات.

4) ئاراستەی بە پێی سیستەم: ئامانجی ئەم ئاراستە ئەوەیە کە سیستەمی بەڕێوبردنی زبڵ بە جۆرێک بگۆڕدرێ کە زبڵگەڕەکان لە کەرتی نافەرمی تێکەڵ بە کەرتی فەرمی بکات. تێکەڵکردن لە ڕێگەی بەفەرمیکردنی کارەکانیان لەگەڵ دیکەی خاوەنبەرژەوەندییەکان بەتایبەت خاوەنبەرژەوەندییە فەرمییەکان، وەکوو دەوڵەتە خۆجێییەکان یان کەرتی تایبەت، بەشداریپێکردنی زبڵگەڕەکان لە بەفرمۆلەکردنی سیاسەتە شاری / نیشتمانییەکانی بەڕێوبردنی زبڵ لە نموونەکانی دەستێوەردانی بە پێی ئاراستەی سیستەمە (ڕێکخراوی جیهانیی کار: 2004).

---

1 - Welfare-based approach

2 - Development-oriented approach

3 - Rights-based approach

چارەسەری پرسی زبڵگەڕی و زبڵگەڕی منداڵان لە ئێراندا پێویستی بە هەندێ دەستێوەردانی سیاسی لە وڵاتی ئەفغانستان و بەڕێوبردنی کۆکردنەوەی زبڵ لە شاری تارانە. لە وڵاتی ئەفغانستان هەژاری هۆکاری سەرەکی کۆچکردن و کاری منداڵان لە ئێرانە و سەرچاوە سەرەکییەکانی هەژاری بریتییە لە دابەشکرانی نادادپەروەرانەی دەرفەتەکان لە ناو تۆڕ یان چینە کۆمەڵایەتییەکان و کەرتە ئابووریەکان و پانتای جوگرافیایی، چڕبوونەوەی هەژاری لە ناوچە لادێییەکان، نەبوون یان کەمی هەڵی پەروەردەیی و تەندروستی لە هەندێ لە ناوچەکان بەتایبەت ناوچە گوندییەکان، بێکاری، هاوسەرگیری پێشوەختە و ڕێژەی زۆری زکـوزا، گەندەڵی، هەڵاواردن، کەڵکاوەژۆیی لە دەسەڵات، جەنگ و نائارامی و مەترسییە سروشتییەکان؛ کەواتە ئامادەی بەرەنگاربوونەوەی مەترسییە سروشتییەکان، باشترکردنی هەڵی خوێندن بەتایبەت لە ناوچە گوندییەکان، دابەشکردنی دادپەروەرانەتر و لە ئەنجامدا دادپەروەرانەتری سەرچاوە و سامان دەتوانێ کاریگەری لە سەر کەمکردنەوەی ڕێژەی هەژاری لە کۆمەڵگای ئەفغانستان دابنێت.

لە ئێرانیش پەرەسەندنی کەرتی نافەرمی و شێوازی بەڕێوەبردنی زبڵەکان لە شارەوانی تاران و ڕێکخراوی پاشخوان بوو بە یەکێک لە بەستێنەکانی کاری منداڵان. لەم پێناوەدا پێشنیار بە وەزارەتی کار و شارەوانی تاران و ڕێکخراوی پاشخوان دەدرێ کە کەرتی نافەرمی و کۆکردنەوەی زبڵ ئاوێتەی کەرتی تایبەت بکرێت. لەم بارودۆخەدا، هەم زیاتر دەتوانرێ چاودێری هەڵسوکەوتی پەیمانکاران بکرێ و هەم ڕێگری لە بەکارهێنانی منداڵان لە زبڵگەڕی بکرێت. بە تێکەڵکردنی کەرتی نافەرمی و کەرتی فەرمی، هەڵوەشانەوەی یاسا ستەمکارەکانی (ڕسووم)، باشترکردنی ئاستی کار و هەڤیازییە پیشەییەکان (بۆ وێنە ماوەی کار، داهات و بیمە) گەورەساڵان و پشتیوانی کردنیان، دەتوانرێ بە مەبەستی بەرەنگاربوونەوەی هەژاری هاوکاری بنەماڵەکان بکرێت. جێبەجێکردنی ڕێکارەکانی پێشنیارنامەی 204 سەبارەت بە تێپەڕین لە ئابووری نافەرمی بۆ فەرمی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کار (2015) دەتوانێ لەم بوارەدا بەسوود بێت.

شارەوانی تاران و ڕێکخراوی پاشخوان ناتوانن یاساکانی شێوازی بەکارهێنانەوەی زبڵ جێبەجێ بکەن و بە شێوەی بەئەنقەستانە یان نائەنقەستانە لەم بوارەدا کەمتەرخەمی دەنوێنن. لە ئەنجامدا، دەبێ شارەوانی و چاودێرەکان لە ئاستە جیاجیاکاندا بە وردی یاسا و ڕێسا پەسەندکراوەکان بەتایبەت بڕگەی 26 دابەزێنن. هەروەها پێشنیار دەکرێ ئەنجومەنی ئیسلامی شاری تاران سەبارەت بە بەکارنەهێنانی منداڵان لە کاری زبڵگەڕی چاودێری بەڕێوبردنی پاشخوان بکەن. لە پاڵ شۆرای شار (ئەنجومەنی شار) بە مەبەستی چاودێریکردنی ناوەندە مەدەنییەکان دەتوانین میکانیزمێک دابین بکەین. وێڕای ئەمە، بە مەبەستی کەم-کردنەوەی کاری زبڵگەڕی منداڵان لە کورتخایەندا، یەکەمایەتی بە کەمکردنەوەی خەسارەتی ئەم بوارە بدرێ و لە درێژماوەدا ئامانجی نەهێشتنی کاری زبڵگەڕی منداڵان ئەوەیە کە ئاستی توانای تاکەکان بەرز ببێتەوە و داهاتی بنەماڵە زۆر بێ و ڕێژەی بێکاری لە ناو ئەو بنەماڵانەدا کەم ببێتەوە.

سەرچاوە:

احمدی، کامیل و همکاران (1400)، ردپای استثمار در جهان کودکی، انتشارات آوی بوف، دانمارک.

افراخته، حسن؛ حجتی‌پور، محمد. (1396). اقتصاد زباله‌ای در روستاهای پیراشهری جنوب تهران. فصلنامه اقتصاد و فضا و توسعه روستایی، 6 (4)، 4772.

استراوس، انسلم و کربین، جولیت. (1397). مبانی پژوهش کیفی: فنون و مراحل تولید نظریه زمینه ای. ترجمه ابراهیم افشار. تهران: نی.

انجمن حمایت از حقوق کودکان. (1398). یغمایی کودکی: پژوهشی درباب شناخت، پیش‌گیری و کنترل پدیدۀ زباله‌گردی کودکان در تهران. تهران: روز.

ایثاری، مریم؛ علی رضا، شجاعی زند. (1399). زمینهها و فرایندهای شکلگیری زیست غیررسمی زبالهگردی: مطالعۀ موردی کارگران افغانستانی در تهران. بررسی مسائل اجتماعی ایران. 10 (1): 6395.

ایمانی، نفیسه؛ نرسیسیانس، ایملیا (1390). مطالعه انسان‌شناسانه پدیده کودکان کار خیابانی در شهر کرج. مسائل اجتماعی ایران، 3 (1)، 732.

حسینی، سید حسن. (1383). وضعیت کودکان کار و خیابان در ایران. فصلنامه رفاه اجتماعی، 5 (19)، 155173.

دستور العمل نظارت بر عملیات جمع‌آوری پسماندهای خشک. حوزه معاونت خدمات شهری سازمان مدیریت پسماند. نظام فنی و اجرایی عملیات جمع اوری پسماند خشک (4). شهریور 1391.

زند رضوی، سیامک؛ رحیمی پورانارکی، ناهید. (1390). مقایسه وضعیت کودکان کارگر ایرانی و افغان در استان کرمان بر پایه چهار اصل پیمان‌نامه حقوق کودک (سه اصل جامعه‌شناختی و دو راه‌حل). مجله مطالعات اجتماعی ایران، 5 (1)، 7298.

نوذرپور، علی. (96). آمار تفکیک زباله در تهران. دنیای اقتصاد، 24 اردیبهشت، (4044).

وامقی، مروئه؛ روشنفکر، پیام و دیگران. (1394). بررسی ترکیبی و ارزیابی سریع وضعیت کودکان خیابانی و ویژگی‌های کار آنان در تهران. بررسی مسائل اجتماعی. 6 (2): 416391.

وزارت اقتصاد جمهوری اسلامی افغانستان. (2013). چکیده گزارش تحلیل وضعیت فقر.

Aljaradin, M.; Persson, K.M.; Sood, E. (2015). The role of informal sector in waste management, a case study; TafilaJordan. Resources and Environment, 5(1), 9–14.

Batool, Z.; Akram, M.; Anjum, F.; Faiz, S.; Ibrahim, M. (2015). Occupational hazards and health status of trash picker children in Faisalabad city, Punjab, Pakistan. Mediterranean Journal of Social Sciences, 6(5), 590595.

Cuadra, S. (2005). Child labour and health hazards: Chemical exposure and occupational injuries in Nicaraguan children working in a waste disposal site. Lund University.

Diallo,. Yacouba; Etienne, Alex; Mehra, Farhad. (2013). Global child labour trends 2008 to 2012. International Labour Organization.

Dias, Sonia. (2012). Not to be taken for granted: what informal waste pickers offer the urban economy. in The Global Urbanist, http://globalurbanist.com/2012/11/27/wastepickers.

Emerson, Patrick M. (2009). The Economic View of Child Labor. In Hindman, Hugh D. The World of Child Labor. M.E. Sharpe press

Hunt, C. (1996). Child waste pickers in India: the occupation and its health risks. Environment and Urbanization, 8 (2), 111118.

Jha, M. (2009). Child Workers in India: Context and Complexities. Human Rights Review 10: 205–18.

ILO. (2004). Addressing the Exploitation of Children in Scavenging (Waste Child Labor. Picking): a Thematic Evaluation of Action on

ILO. (2017). Global estimates of child labor: Results and trends, 20122016. Geneva: International Labour Organization Geneva.

Malik, B.; Lyndon, N.; Wong, V. (2018). Accounts of Discrimination: A Phenomenological Study of Afghan Refugees in Pakistan. International Journal of Academic Research in Business and Social Sciences, 8 (13), 113121.

Medina, M. (2007). The World's Scavengers: Salvaging for Sustainable Consumption and Production. AltaMira Press, Lanham, MD.

Patwary Masum A.; O'Hare, William Thomas; Sarker Mosharraf H. (2011). Assessment of occupational and environmental safety associated with medical

waste disposal in developing countries: a qualitative approach. In Safety Science, 49 (8), 12001207.

Rogerson, c. (2001). The waste sector and informal entrepreneurship in developing world cities. Urban Forum, 12 (2), 247259.

Scott, A.J. (2012). A World in Emergence: Cities and Regions in the 21st Century, Edward Elgar, Cheltenham.

Thieme, T. (2013). The “hustle” amongst youth entrepreneurs in Mathare's informal waste economy. Journal of Eastern African Studies, 7 (3), 389412.

United Nations (UN). (1990). Convention on the Rights of the Child. Available online at: http://www2.ohchr.org/english/law/pdf/crc.pdf (accessed 17 November 2020).

United Nations Children’s Fund (UNICEF). (2007) Child Protection from Violence, Exploitation and Abuse. Available online at: http://www.unicef.org/protection/index_childlabour.html (accessed 25 December 2020).

Wilson, D.C.; Rodic, L.; Scheinberg, A.; Velis C.A.; Alabaster, G. (2012). Comparative analysis of solid waste management in 20 citie in Waste Management & Research, 30 (3), 237254.

ماڵپەرەکانەکان

اطلس شهرداری تهران. پێداچوونەوە لە در 15 ڕێبەندان 1397 هەتاوی، لە http://www.Atlas.tehran.ir.

بانک جهانی (2019). پێداچوونەوە 1 ڕێبەندان 1397 هەتاوی، از http://www.worldbank.org/en/topic/poverty/publication/povertyreductionin afghanistandespiteeconomicgrowthwideninginequality.

پرتال آمار (2019). پێداچوونەوە 15 ڕێبەندان 1397 هەتاوی، لە https://www.ourworldindata.or.

سازمان بینالمللی کار. پێداچوونەوە 1 ڕێبەندان 1397 هەتاوی، لە

https://www.ilo.org/global/langen/index.htm.

سازمان بین المللی کار. پێداچوونەوە 3 گوڵان 1398 هەتاوی، لە https://www.ilo.org/dyn/normlex/en/f?p=NORMLEXPUB:12100:0::NO::P12100_ILO_CODE:R204

سازمان بینالمللی کار. پێداچوونەوە 16 ڕێبەندان 1397 هەتاوی، لە https://www.ilo.org/ipec/facts/langen/index.htm

مالّپەرەکان آمار. نرخ باروری در افغانستان.پێداچوونەوە 1 نەورۆز 1398 هەتاوی، لە .https://www.statista.com/statistics/262034/fertilityrateinafghanista

فیلسوفی، کامیار. میزان تولید زباله در ایران، پێداچوونەوە 15 ڕێبەندان 1397 هەتاوی، لە (http://www.fardanews.com/fa/news/145118)

قانون مدیریت پسماند. 15 ڕێبەندان 1397 هەتاوی، از http://rc.majlis.ir/fa.

لیست مشاغل چهارگانه مجاز اشتغال اتباع خارجی در استان تهران. پێداچوونەوە لە 8 گوڵان 1398 هەتاوی، از https://www.mcls.gov.ir/icm_content/media/.../129303_orig.pdf.